ژمارە (٨)   تەموزی ٢٠٠٧

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت لەبەشی بڵاوکراوە کوردییەکان بخوێنەوە

http:/ / kurdistannet.net/ znar/





گەنج
لەبەردەم ..
١٥



خەلافەتی ئیسلامی لە
دیالە
٢٤



دین و دەوڵەت
٤٤



هاوسەری و
هەرزە کار
٤٦



راگەیاندنی
هاوچەرخ
٣٦



٥٦
خۆشەویستی و رق



دیمانە لەگەڵ
ئالان بابان
٦٨



**خاوەنی ئیمتیاز:**

ئەردەڵان یوسف محمد

(ئەردەڵان مام وسو دزەیی)

**سەرنوسەر:**

قادر ئەحمەد عومەر (هەڵگورد)

**بەرێوەبەری نوسین:**

غەفور نادر حەمەدەمین



مۆبایل و ئیمەیڵی سەرنوسەر:

٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ئاسیا   ٠٧٣٠١١١٣٢١٨سانا

halgordpshdare@yahoo.com

مۆبایل و ئیمەیڵی ب. نوسین: :

٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا   ٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤سانا

gafurranya@myway.com

ئیمێڵی گۆڤار

znarmagazin@yahoo.com

**ئەدرەسی نوسینگەی گۆڤار:**

رانیە شەقامی گشتی کتێبخانەی هەنگاو



دیزاینی بەرگ و بابەتەکان

ئەندێش

کۆمپانیای نێوەند

چاپ و پەخشی دەکات

تیراژ: (٢٠٠٠)

# فیدڕالیزمو بنیاتنانی دەوڵەتی فیدڕاڵی



ئەحمەد حەمە مستەفا

## بەشی یەکەم

لەگەڵ بەرەوە پێشەوەچونو فراوان بوونی کۆمەڵگاکاندا، گرفتە سیاسیو ئابووریو ئیداریەکانیش روو لەفراوان بوونن. جێگای گوومان نیە تموحاتو پێداویستی دەوڵەتێك لەم سەردەمەدا جیاوازیەکی گەورەی هەیە لەگەل چاوەڕوانی تاکەکانی کۆمەلگایەکی تەقلیدی چەند سەدەیەك بەر لەئێستا، گەر چاوێك بە پێکهاتەی کۆمەلایەتیو ئاینیو نەتەوەیی دەوڵەتانی سەدەی بیستو یەکدا بگێڕیت، ئەوا بەدەگمەن وڵاتێکت بەرچاو دەکەوێت چەندین نەتەوەو ئاینو مەزهەبو پێکهاتەی جیاجیای لەخۆ نەگرتبێت، بۆیە سیاسەتوانو یاساناسانو پسپۆڕانی بواری بەڕێوەبردن لەهەوڵی ئەوەدان لەڕێگای سیستەمێکی سیاسی ئیداری سەرکەوتووەوە ئەم جیاوازیانە لە بۆتەیەکی ساساییدا ڕێکبخەنو باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی هاوڵاتیان بکەنو کۆمەڵگا لەشەڕی مەزهەبیو نەتەوەیی بەدوور بگرن. تاکە سیستەمێك کە لەئێستاماندا توانای لەخۆگرتنو قبوڵکردنی جیاوازیەکانی هەبێتو بتوانێت لەنەهامەتیەکانی ئەم وڵاتە کەمبکاتەوە، سیستەمی فیدڕاڵیە. بەو پێیەی لەچەندین وڵاتی جیهان پراکتیزە کراوەو ئەنجامگەلێکی باشو پۆزەتیڤی لێکەوتۆتەوە، لەم بابەتەدا دەمەوێت تیشك بخەمە سەر ئەم سیستەمەو ماناو پێناسەو بنچینە بنەڕەتیەکانی ئەم چەمکە شیبکەمەوە.

مانای فیدڕالیزم: زاراوەی(فیدڕالیزم- fedralism) لەبنەڕەتدا لە ووشەی( fedus)(لاتینی)یەوە وەرگیراوە، واتای (پەیماننامە یاخود ڕێککەوتن) دەگەیەنیٚ(١) و لەفەرهەنگی لویسی لاتینیشدا ئەم وشەیە چەند مانایەکی لەخۆگرتووە(٢) کەوەك کۆمەڵە﴿legue﴾یان ڕێککەوتنی نێوان دوولایان زیاتر﴿treaty﴾یان پەیمان﴿compact﴾یان هاوپەیمانیەتی﴿aliance﴾یان قۆنتەرات﴿contract﴾ یان مارەیی﴿contract marriage﴾. لە ئەنسکلۆبیدیای زانستە کۆمەلایەتەیکانیشدا ئاماژە بەوەکراوە کە ئەم وشەیە﴿federation﴾ چوار مانای تەمومژاوی لە خۆگرتووە کە ئەمانەن ﴿هاوپەیمانێتی alliance، کۆمەڵە league، کۆنفدراسیۆن confederation، یەکیەتی﴾(٣). لەفەرهەنگی﴿المورد﴾یشدا کە فەرهەنگێکی ئینگلیزی - عەرەبیە هاتووە وشەی فیدڕاڵی﴿ تایبەتە بە حکومەتێك کە حوکمڕانی تیایدا دابەشبووە بەسەر دەسەڵاتی ناوەندیو ژمارەیەك لە یەکە هەرێمیەکان﴾(٤)و هەروەها لە فەرهەنگی ﴿عەمید﴾ی فارسیشدا وشەی فیدڕاڵی یەکسانە بە یەکیەتی، یەکیەتی ولایەتەکان(٥). وەك دەبینن ئەم وشەیە زیاد لەچەند مانایەکی لەخۆگرتووەو بەچەند واتایەك لەلایەن پسپۆڕانی ئەم بوارەوە بەکارهێنراوە، بەڵام لەناوەرۆکدا سەرجەمیان ئاماژەن بە پەیوەندی نێوان دوولایەن یان چەند لایەنێكو ئەم پەیوەندیەش دەچێتە نێو چوارچێوەیەکی یاساییەوە بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.

پێناسەی فیدڕالیزم: چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمکە کراوەو هەر زاناو پسپۆڕێك لە دیدگای تایبەتی خۆیەوە فیدڕالیزمی شرۆڤە کردوە. فیدڕالیزم﴿واتا بەشداری سیاسیو کۆمەلایەتی لەدەسەلاتدا، ئەمەش لەڕێگای بە پەیوەستێکی ئارەزوومەندانەی نێوان نەتەوەوگەلو میللەتان، یان پێکهاتە مرۆییەکانی سەربە رەچەڵەکی نەتەوەییو رەگەزی جیاجیا، یان چەند زمان یان چەند ئایین یان چەند کولتورێکی جیاجیادا، ئەمەش لەنێو سیستەمێکی یەکێتیدا کە قەوارە لەیەکتر جیاکان لەیەك دەوڵەتدا یان لەیەك سیستەمی سیاسیدا یەکبخات﴾(٦). لەپێناسەیەکی دیکەدا فیدڕالیزم بەم شێوەیە پێناسەکراوە﴿سیستەمێکی یاساییە لەسەر بنچینەی چەند ڕێسایەکی دەستووری روون دامەزراوە، کەژیانی هاوبەشن بۆ نەتەوەو ئایینو مەزهەبو لایەنە جیاجیاکان لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا دابین دەکات﴾(٧). هەروەها فیدڕالیزم﴿ فۆڕمی دەوڵەتە بەشێوەیەك دێت لە شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی، کولتووری،ئابووریو رامیاری، ڕێکخستنێکی بەڕێوەبردنو دەستوورییە، لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە دروست دەبێت﴾(٨). فیدڕالیزم﴿ سیستەمێکی سیاسیە، پەیوەندی بە بەڕێوەبردنو دابەشکردنی دەسەڵاتو هەماهەنگیەوە هەیە لەنێوان هەرێمەکاندا، بەرگری لە مافە نەتەوەییەکان دەکات﴾(٩). لە زانستی سیاسیدا مەبەست لە فیدڕالیزم﴿ بریتیە لەجۆرە یەکێتیو یەکبونێکی بەردەوامو پایەداری کۆمەڵێکی سیاسی کەوێرای یەکیەتیو یەکبوونی هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە تایبەتمەندیو خەسڵەتە تایبەتیەکانی خۆی دەپارێزیٚ﴾(١٠) ڕۆجیمۆنت - rougemont فیدڕالیزم بە سیاسەتی یەکیەتی هاوشان لەگەل دەستەبەری سەربەخۆیی یا سیاسەتی گروپە سەربەخۆکان کە لەڕێی یەکێتیەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی خۆیان دەدەن دەزانیٚ(١١). ئەندریٚ هۆریۆ نوسیویەتی﴿ فیدڕالیزم، لە هاوبەشیەتی چەند دەوڵەت پێکدێت، پەیوەندیەکی یاسایی نێوخۆیی، پێکیانەوە دبەستێتەوە﴾(١٢) کۆلەرێکی فەرەنسی - hauria پێی وایە﴿ دەستووری فیدڕاڵی، دوولایەنی هەیە لە لایەکەوە، بە یاسایەکی بنەڕەتی دەوڵەتی فیدڕاڵی دادەنریٚ، لە لایەکی دیکەشەوە بە یەکگرتنێکی رامیاری نێوان وڵاتانی ئەندام دەژمێردریٚ﴾(١٣). نووسەری میسری دکتۆر ئەحمەد سوەیلم ئەلعەمری لەو باوەڕەدایە کە﴿دەوڵەتی فیدڕاڵی، لە سیستەمێکی رامیاریو بەڕێوەبردنی کارگێڕی دروست دەبیٚ﴾(١٤). دکتۆر ئیسماعیل غەزال لەوبارەیەوە نووسیویەتی﴿ دەوڵەتی فیدڕاڵ، لەکۆمەڵە دەوڵەتێك پێکدیٚ هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون دەوڵەتێکی نێوەندی دابمەزرێنن، سیستەمە دەستوورییە سەربەخۆکەی ئەم دەوڵەتە بەسەر سیستەمە دەستووریەکانی دیکەی دەوڵەتە ئەندامەکاندن زاڵ دەبیٚ﴾(١٥) دکتۆر محەمەد هەمەوەندیش بۆچونی خۆی بەم شێوەیە خستۆتە روو﴿ دەوڵەتی فیدڕاڵی هەریەك دەوڵەتە بەڵام لەچەند قەوارەیەکی خاوەن دەستووری جیاواز پێکهاتووە، هەریەکەیان سیستەمێکی یاسایی تایبەتییو سەربەخۆییەکی نێوخۆیی هەیە، هەمووشیان پێکەوە ملکەچی دەستووری فیدڕاڵی دەبن. بەوپێیەی ئەو دەوڵەتە فیدڕاڵیە بەردوستکار، دامەزرێنەر،

ڕێکخەری بنچینەی یاسایی‌و رامیاری، هەریەکێ لەو قەوارە خاوەن دەستوورانە دادەنری. لەبەرئەوە دەوڵەتی فیدڕاڵی، لەسیستەمێکی خاوەن دەستوری‌و رامیاری ئاوێتە پێکدێ﴾(١٦). فەرهەنگی سیاسیش کە وشەی فیدڕاسیۆنی بەرامبەر وشەی فیدڕاڵیزم بەکارهێناوە بەم شێوەیە پێناسەی کردوە﴾ فیدراسیۆن لەچەند وڵاتێك پێکهاتووە کە هەریەکەیان خاوەنی حکومەت‌و بناغەی تایبەتی خۆیانن‌و وڵاتی خۆیان بەڕێوەدەبەن.وڵاتانی فیدڕاڵ کە لەکۆی وڵاتانی ئەندامی فیدراسیۆن پێکهاتووە، خاوەن ماف‌و ئیمتیازگەلێکە کە هەموو وڵاتانی ئەندام‌و دانیشتوانەکانیان دەگرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا سەربەستی وڵاتانی ئەندام لەکاروباری نێوخۆییدا دەپارێزێ﴾(١٧). گەر تەماشای ئەم پێناسەیە بکەین گشتیان سەرنجام بۆئەوە رادەکێشن کە فیدڕالیزم سیستەمێکی (سیاسی- ئیداری -یاسا)ییەکە وڵاتە فرە ئایین‌و فرە نەتەوەکان پەنای بۆ دەبەن‌و مەبەستیانە لەڕێگای پراکتیکردن‌و جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەوە ﴾باشترین خزمەتگووزاری لەڕووی ئیداریەوەو وڵاتێکی ئارام‌و ئاسوودە لە رووی سیاسیەوە﴾ بۆ هاوڵاتیانیان فەراهەم بکەن‌و کۆمەڵگا لەپەرتەوازەیی سیاسی‌و نەتەوەیی‌و ململانێی خوێناوی بپارێزن. فیدڕاڵیزم داننانە بە فرەیی کۆمەڵگاو رێکخستنی ئەو فرەییە لە چوارچێوەی سیستەمێکی یاسایی‌و روون‌و ئاشکرادا کەمافی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی تیادا رەچاوبکرێت‌و هیچکام لەو پێکهاتانە پەراوێز نەخرێن‌و نەچەوسێنرێنەوە، فیدڕاڵیزم یەکبونێکی ئارەزوومەندانەیەو هەرێمەکان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە ئابووری‌و سیاسیەکانیان دوور لەهەر فشارو زۆرلێکردنێك بڕیاری پێکەوە ژیان دەدەن‌و لەوحاڵەتەشدا هەرێمەکان بەرپرسیارن بەرامبەر بەپاراستنی دەوڵەتە فیدڕاڵیەکەو لەهەمان کاتیشدا بەمافە مەدەنی‌و کولتووری‌و رۆشنبیریەکانی خۆشیان شاد دەبن.

مێژووی فیدڕاڵیزم: گەرچی وشەی فیدڕاڵیزم هەم لەڕووی زاراوەو هەم لەڕووی پراکتیککردنیەوە، ئەم شێوەیەی کە ئێستا بەرچاو دەکەوێت مێژوویەکی تازەی هەیەو لەچەند سەدەیەك تێپەڕناکات، بەڵام شارەزایانی ئەم بوار زۆر رەگ‌و ریشەی سەرهەڵدان‌و بەعەمەلیکردنی ئەم چەمکە لە فۆرمە سادەو ساکارەکەیدادەگێڕنەوە بۆ دەوڵەتە شارەکانی یۆنان‌و دواتریش بەهۆی فراوان بوونی قەڵەمڕەوی دەسەلاتی‌و لەخۆگرتنی چەندین نەتەوەی جیاجیا ئیمپراتۆریەتی رۆمانیش پەنای بۆ ئەم شێوازە بردووەو هەرێمەکمانی تا راددەیەك لەکاروباری ناوخۆیاندا سەربەخۆ بوون‌و تایبەتمەندێتی ناوچەکانیان پاراستووە. دەوڵەتی عوسمانیش بەمەبەستی کارئاسانی لەڕووی ئیداریەوە دەوڵەتەکەی دابەشکردبوو بۆ چەندین ویلایەت‌و هەر ویلایەتێکیش خاوەن خەسڵەت‌و تایبەتمەندێتی خۆی بوو کە جیای دەکردەوە لە ویلایەتەکانی دیکەو تەنها لەڕێگای باج‌و بەشداریکردنی هەرێمەکان لەو شەڕانەی کە دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامی دەدان پابەندی خۆیان بۆ دەوڵەتی مەرکەزی دووپاتدەکردەوە کە پایەختەکەی لە ئەستەنبوڵ بوو. لە هەرێمی کوردستانیشداو دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١و دامەزراندنی حکومەت‌و پەرلەمان، سەرکردایەتی سیاسی کورد تاك لایەنە لەساڵی ١٩٩٢دا شێوازی پەیوەندی خۆی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا لەسەر ئەم سیستەمە راگەیاند.

پاڵنەرەکان یان ئامانجەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی فیدڕاڵی: -

١-لەڕێگای جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەوە جۆرێك لە هێمنی‌و ئاسایش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا فەراهەم دەکرێت‌و هاوڵاتیان هەست بە ئارامی‌و ئاسوودەیی دەکەن.

٢-گەر سیستەمی دیکتاتۆری چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بێت لە ناوەندا ئەوە بەپێچەوانەوە دیموکراسی بەبێ دابەشکردنی(دەسەڵات‌و سامان)هیچ مانایەك نادات بەدەستەوە. بۆیە لەم حاڵەتەدا سیستەمی فیدڕاڵی وەك تەواوکەری دیموکراسی خۆیمان نیشان دەدات.گەر کرۆکی دیموکراسی دابەشکردنی(دەسەڵات‌و سامان)بێت، ئەوا بێشك فیدڕاڵیزم ئەو میکانیزمە گونجاوەیە کە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە.

٣- لەڕێگای یەکگرتنی چەند هەرێمێکی بچووکەوە هێز بۆ دەوڵەتە فیدڕاڵیەکە دروست دەبێت‌و ئەم هێزو توانایەش قەڵغانێکی باش دەبێت بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە لەبەرامبەر مەترسی دەرەکیدا، لەوانەیە پاڵنەری سەرەکی بانگەشەکردنی فیدڕالیزم لەلایەن دەسەلاتی سیاسی کوردیەوە لەوترسەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە مەوقعی جوگرافی‌و دەورە درانمان بە چەند دەوڵەتێکی دووژمنکار وامان لێبکات ژیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هەڵبژێرین‌و خەونی سەربەخۆیی بۆ کاتێکی دیکە دوابخەین. لەم بارەیەوەو دەوڵەتداری ئەمریکی بنیامین فرانکلین لەبارەی یەکگرتنی هەرێمەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە دەڵێ﴾ ئێمە هەمومان یان دەبێ یەکبگرین‌و خۆبەیەکەوە هەڵاوەسین (گرێبدەین)یان چاوەڕوانی ئەوە بین کە رۆژێکی وا دابێت کە هەموومان یەك بەیەك (بەدەستی بێگانە) هەڵاوەسرێین﴾(١٨)٠ هەرلەم بارەیەوە مۆنتیسکۆ پێیوایە ﴾ دەوڵەتانی بچووك بەهۆی زاڵبوون‌و پەلاماری هێزێکی دەرەکیەوە بە زوویی لەناودەچن‌و گەر پان‌و بەرین‌و گەورەش بن ئەوا بەهۆی کەمو کوڕی ناوخۆیی هەرەس دێنن﴾(١٩)٠ لەو حاڵەتە یەکگرتنی هەرێمەکان لە سیستەمێکی فیدڕاڵیدا لەمەترسی دەرەکی دەیانپارێزێ‌و لەلایەکی دیکەشەوە دابەشکردنی دەسەلات‌و سامان ئارامی‌و سەقامگیری ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە.

٤-کۆتایی هێنان‌و بنبڕکردنی ململانێ‌و ئاژاوەی ناوخۆ یەکێکە لە پاڵنەرەکانی بنیانتانی سیستەمێکی لەو شێوەیە. بەڵگە نەویستە ململانێ‌و ئاژاوەی هەر وڵاتێك دەرەنجامی پەراوێزخستن‌و نادیدەگرتنی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە، بە پێچەوانەوە فیدڕاڵیزم ئەو بە پەراوێزبوونە کۆتایی پێدەهێنێت‌و ماف‌و ئەرکی یەکسانی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشدەکات‌و بوون‌و ئیرادە بۆ تاکەکانی دەگێڕێتەوە.

٥-لەڕووی بەڕێوەبردنەوە دەوڵەتی فیدڕاڵی لە توانایدا هەیە باشترین خزمەتگووزاری لە کورتترین کاتدا بۆ هاوڵاتیانی دەستەبەر بکات‌و دەوڵەتی لە (رۆتینی ئیداری)دوور دەخاتەوەو کۆمەڵگا لە سیستی بەڕێوەچوونی پرۆژەکان رزگاری دەبێت‌و هەرێمەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەند دەتوانن بڕیاری پێویست لەسەر پڕۆژەکان بدەن.

٦- دەکرێت ئاماژە بە کۆمەڵێك پاڵنەرو ئامانجی دیکەی پشتی سیستەمی فیدڕاڵی بکەین وەکو ئەوەی وڵاتێك بۆ گەشەدان بە بواری ئابووری پەنا بۆ پیادەکردنی ئەم جۆرە سیستەمە دەبات، چونکە یەکگرتنی چەند هەرێمێك هەمەجۆری بەرهەم‌و بازارێکی گەورەتری ناوخۆیی‌و پتەوبوونی بازرگانی دەرەکی بۆ دەوڵەتەکە دەرەخسێنێ، باشترین نموونە وڵاتی (ئیمارِاتە) کەلە چەند هەرێمێکی فیدڕاڵی پێکهاتووەو لەوڕێگایەشەوە گەشەکردنێکی ئابووری بەرچاووی بەخۆوە بینیوە. بەهەمان شێوە دەکرێت ئامانجێکی ئایدۆلۆژی لە پشتەوە بێت، وەك یەکگرتنی هەرێمەکانی یەکیەتی شۆڤێتی پێشوو بەمەبەستی سەقامگیر کردن‌و بلاوکردنەوەی(سیستەمی سۆسیالیستی)بوو لەو وڵاتەدا. دەشکرێت(کارئاسانی لەبواری بەڕێوەبردن)وای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هیندستان‌و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردبێت پەنا بۆ سیستەمێکی لەو شێوەیە بەرن.

# غەفور مەخموری:
# لەم وڵاتەدا سێبەری حزب بەسەرهەمووشتێکدا زاڵە

گفتوگۆی:هەڵۆمەرگەیی



***سکرتێری گشتی(یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان)**

***ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

***چوار پەرتوکی چاپکراوی هەیە**

**زنار: گەرکەمێک باس لەژیانی منداڵیت بکەی**

غەفور مەخموری: من لەگوند لەدایك بووم، وەك هەرمنداڵێکی گوند ژیانی ئاسایی گوندم گوزەراندووە، تاقۆناغی سەرەتایشم لەگوند خوێندوەو هاوشانی خوێندن بەشداری هەندێ کاری ڕۆژانەی گوند بووم، دوای ڕوخاندنی گوندەکەمان (کەندی قەلان- وادی الغراب)لەلایەن ڕژێمی ڕوخاوی بەعس لەساڵی ١٩٨٥هاتینە مەخموورو لەوێ درێژەم بەخوێندن داو دواناوەندیو ئامادەییم لەوێ تەواوکردو پاشان لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر وەرگیرامو بەشی زمانی کوردیم تەواوکردو دواتر تاقیکردنەوەم کرد بۆ خوێندنی ماجستێر لەتاقیکردنەوەکەدا دەرچووم بەلاّم غەدریان لێکردم بەیەك(أحتیاط)منیان دانا، دواتر لەبەر پڕکاریو کاری سیاسی وازم لەناوەندی زانکۆ هێنا، خۆتان دەزانن ئێمە لەولاّتێکداین زۆرلەکارەکان بەمیزاج بەڕێوەدەچن.

**زنار: چۆن تێکەڵی بواری حزبایەتی وسیاسەت بوون**

غەفور مەخموری: هەرلە منداڵیەوە شەیدایی خوێندنەوەو گوێگرتن لەڕادیۆبووم، لەگوند کارەبامان نەبوو بۆیە زیاتر ڕادیۆ سەرچاوەی هەواڵ بوولامان، هەروەها پێشمەرگە بەردەوام لەناوچەکەمان هەبوو ئەوە سەرەتایەك بوو بۆ من کەتێکەڵی کاری سیاسی بمو سەرەتاش لەساڵی ١٩٨٦ نزیکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووم تا١٩٨٨دواتر پەیوەندیم پچڕاو دوای ڕاپەڕین١٩٩١ لەدەڤەری مەخموور بەشدار بوومو دواتر بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی بووم لەمەخموور تا کۆرەوەکە، کەپاشی ئەوە لەشەقلاّوەو کۆڕێ ماینەوەو پاش دەستپێکردنی وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانیو هاتنە ناوەوەی پێشمەرگە بۆ هەولێر گەڕامەوە بۆ زانکۆو درێژەم بەخوێندنداو تاکۆلێژم تەواوکردو لەهەمانکاتدا لەزانکۆش بەردەوام بووم لەکاری سیاسیو ڕۆشنبیری خۆمو زیاتر وەك کەسێکی سەربەخۆو پاشان لەگەڵ کۆمەڵێ هاوبیرکۆمەڵەی نەتەوەیی کوردمان دامەزراندو دواتر کارەکەمان فراوانکردو لەگەڵ کۆمەڵێ کەسایەتیو ولاّت پارێزی ترلە٢١/٣/١٩٩٥YNDKمان ڕاگەیاندو تائێستاش لەکارو خەباتی خۆمان بەردەوامین.

**زنار: ئەی لەبواری ڕۆژنامەوانی**

غەفور مەخموری: وەك گوتم هەرلەمنداڵیەوە خەریکی خوێندنەوە بوومو لەگەڵ ئەوەشدا بەهرەی نووسینم هەبووەو وردەوردە شتم نووسیوەو پاشان شتم بلاّوکردۆتەوەو سنووری کارەکەم فراوانکردووە، بۆزانیاریشتان یەکەم کتێبم لەسەر حەیران بوو ساڵی١٩٨٩بەچاپم گەیاندووەو بلاّوبۆتەوە، ئێستاش وردەوردە بەپێی هەبوونی کات شت دەنوسمو بیروبۆچونی خۆم لەمەڕ پرسەکان دەخەمەڕوو.

**زنار: لێکۆڵینەوەو پەرتوکێکت لەسەرحەیران هەیە، ئەی ئاشنایەتیت لەگەڵ حەیران چۆن بوو**

غەفور مەخموری: حەیران جۆرە مەقامێکی ڕەسەنو تایبەتی دەشتی مەخموورو قەراجو لەوێوە بۆناوچەکانی تری کوردستان چووەو بلاّوبۆتەوە، ویستم ئەوجۆرە مەقامە زیاتر بەخەڵك ئاشنابکەم لێم کۆڵیەوە وەکو لێکۆڵەرێك لەسەری وەستامو بۆیەکەمجار لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنەم لەسەرحەیران ئەنجامدا بەناوی(حەیران، چەمك، ناوەڕۆك، سەرهەڵدان)دەتوانم بڵێم ئەمەش یەکەم لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیە لەسەرحەیران ئەنجامدرابێت، ئەوانەی پێشتر زیاتر وتارو لێکۆڵینەوەن لەسەرلایەنێکی حەیران، بەلاّم ئەوەی من ئەکادیمی گشتگیرە لەسەرحەیران.

**زنار: لەبواری سیاسەتدا تۆگەنجترین سکرتێری حزبی لەکوردستان، ئەم پێشفەچونەی خۆت لەچی دادەبینیتەوە یاخوت هەستت چیەلەم بارەیەوە**

غەفور مەخموری: بەردەوام لەهەوڵی خۆ پێگەیاندندام ڕۆژ بەڕۆژهەوڵدەدەم شتی زیاترو نوێ فێربم، تائێستاش خۆم لەسەرەتادادەبینمو هەست بەماندوبوون ناکەم، من لەبنەماڵەیەکی جوتیارم لەڕوی سیاسیو ڕۆشنبیریەوە خۆمم خۆم پێگەیاندوەو هەوڵدەدەم زیاترخۆم پێبگەیەنم بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی زیاتری گەلی کوردستان بکەم.

**زنار: نزیک بوونەوەی ئێوە لە(Pkk)و دواتر جودابوونەوە لەچیەوەبوو،ئایە ئێستالەگەڵ(Pkk)پەیوەندیتان چۆنە**

غەفور مەخموری: لەساڵی١٩٩٥کەYNDKمان ڕاگەیاند شەڕی ناوخۆ لەنێوان یەکێتیو پارتی هەبوو،

نەمان ویست ببینەلایەنی شەڕوPkkش وەك هێڵی تری دەرەوەی شەڕهەبوو، لایەنێکی سەرەکی باکوری کوردستانیش بوو ئێمەش لەباشورەوە دەمانویست ببین بەهاوکاریەك بۆنەمانی شەڕ بۆیە پێمان باشبووجۆرە هاوپەیمانیەتیەك لەگەڵPkkببەستین بەوئومێدەی سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرین ببینە هاوکاریکیش بۆ گرێبەندکردنی خەباتی باشوورو باکووری کوردستان، ئەوەبوو بۆماوەیەکی کورت بەیەکەوەکارمان کرد، بەلاّم ئەوانیش شەڕیان دژی خەلّکی کوردستان دەستپێکرد، ئێمە لەهاوپەیمانیەتیەکە کشاینەوەو سەربەخۆی خۆمان پاراست، لەبەرئەوەی ئێمە هیچ لەگەڵ شەڕی ناوخۆنەبووین، بگرە هەمیشە دژی شەڕی براکوژی بوینە، ئێستاش پەیوەندیمان لەگەڵPkkدانیەو دژایەتیشیان ناکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

زنار: تۆهەوڵی تیرۆرکردنت درا، پرسیارئەوەیە ئەوهەوڵە لەلایەن کێوەبوو یاخود هۆی چی بوو

غەفور مەخموری: شەوی( ٢٠لەسەر٢١/١٠/١٩٩٥)لەلایەنPkkوەهەوڵی تیرۆرکردنم دراو بەسەختی برینداربووم‌و لایەنی تریش لەم هەوڵەدا هاوکاریPkkبوون‌و ئاسان کاریان بۆکردن، هۆیەکەش ئەمەبوو کەئێمە دژی شەڕی ناوخۆ دژی کورد کوشتن بووین.

زنار: یەکێتی نەتەوەیی وەک زۆربەی حزبەکانی دی چەند باڵێکی لێکەوتەوە ئایە ئەمە دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆبوو یاخود هۆکاری دیکە هەبوون بۆئەوە

غەفور مەخموری: YNDK وەك هێزێکی کاریگەرحسابی بۆکراوە لەسەرگۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەمیشە خودان هەڵوێستی بوێرانەی خۆی بووەو بەڕەشی گوتوە ڕەش‌و بەسپیشی گوتوە سپی، بۆیە بەردەوام لایەنی دەرەکی هەوڵی داوە گرفت بۆYNDKدروست بکات بەلاّمYNDKسەرەڕای سەختیەکان خۆڕاگرانە درێژەی بەخەباتی خۆی داوە وئەوەی باسیش دەکەیت شتێکی ئەو تۆ نەبووە کەشایەنی باسکردنبێت.

زنار: تیرۆرکردنی(سەربەست محمود) بەکوێ گەیشت ئێوەکێ لەپشت ئە کارەوە دەبینن

غەفور مەخموری: شەهید سەربەست یەکێك بوو لەسەرکردەیارو کارامەکانیYNDK و خودان کەسایەتی‌و هەڵوێست‌و تێڕوانینی تایبەتی خۆی بوو بۆیە ناحەزان‌و دوژمنانی YNDKتیرۆریانکرد، تائێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامەو تیرۆرکردنی برامان کاکە سەربەست درێژەی ئەو زنجیرە تیرۆرە بوو کەئەوکاتەکرا، وەك شەهیدکردنی کاك سوارە بابەکرو شەهیدکردنی کاك فرنسۆ هەریری‌و......بەلاّم ئێمە تا ئێستاش زۆربەجدی بەدوای ئەم پرسەدا دەچین بگەینە هەرئەنجامێکیش هەمووﻻیەکی لێ ئاگادار دەکەینەوە .

زنار: تۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی، ڕات چیە لەسەرئەدای پەرلەمان چونکە بەبۆچونی زۆربەی خەڵك وەکوپێویست نیە یاخود لەئاستی داخوازیەکانی جەماوەری کوردستاندانیە

غەفور مەخموری: غەدرێکی زۆر لەپەرلەمانی کوردستان دەکرێ، خەڵك هەموودەزانێت کەلەم وڵاتەدا ئیش‌و کارەکان چۆن بەڕێوەدەچن هەموو دەزانن کەلەم وڵاتەدا سێبەری حزب بەسەرهەمووشتێکدا زاڵە، پەرلەمانیش دەزگایەکی تەشریعیەو کاری یاسادانان‌و متمانەدان بەحوکومەت‌و چاودێریکردنی حوکومەتە، سەرەڕای ئەمانە دەبێ بودجەی حوکمەتیش پەسەند بکات، واتا پەرلەمان لایەنی جێبەجێکردن نیە، هەقە شتەکان تێکەڵ نەکرێن، زۆر بڕیار هەیە لەدەرەوەی پەرلەمان دەدرێت، پەرلەمان ئەوەندەی توانیبێتی کاری خۆی ئەنجام داوە لەو وڵاتەش کەبەمیزاج بەڕێوەدەبری هەرئەوەندەدەکرێ، من لەگەڵ ڕەخنە دامـوو لای من ڕەخنە میکانیزمی پێشکەوتنی هەرکۆمەڵگایەکە، بەلاّم مرۆڤ ویژدانی خۆی ئاسودەبکات‌و شتەکان وەك خۆی ببینێ.

زنار/ لەدیدارێکدادەڵێیت زۆربەی ڕۆژنامەو کەناڵەکانی تورکی دێنەلام بۆئەوەی(PKK)یاخود(عبدالله ئۆجەلان) بەتیرۆرست ناوبەرم پرسیارئەوەیە تۆچۆن لەکەسایەتی ئۆجەلان دەڕوانیت

غەفور مەخموری: عبدالله ئۆجەلان وەك کەسایەتیەك کەسێکی بەتواناو ڕۆشنبیرو تێگەیشتووە، خودان تێڕوانینی تایبەتی خۆیەتی بۆ سیاسەت، بۆ ژیان، بۆ فەلسەفە، بۆکەون، بۆزۆربەی لایەنەکانی تری ژیان وەك کۆمەڵ‌و ئافرەت‌و گەنج‌و.....هتد، زوڵمێکی گەورەشی لێکرا کە بەوشێوەیە ڕفێنراو زیندانی کرا، بەلاّم بۆئەوەی تێبینی دەکەم ئۆجەلان لەزیندانـدا هەندێ جار لێدوانی وادەدات کەدژی بۆچونەکانی خۆیەتی‌و بگرە هەندێجار لێدوانەکانی ناوزیندانی بەشێوەیەکن کەزۆربەی خەڵکی کوردستان لێی ناڕازین، نازانین جا ئەو لێدوانانە هی ئەون یا بە ناوی ئەوەوە دەدرێن گەرهی ئەو نەبن دەکرێ بەدرۆیان بخاتەوە.

زنار: لەماوەی ڕابردودا ناوی تۆش لەگەڵ ئەوانەدا بلاّوکرایەوە کەبۆبەعس



■

## ئۆجەلان لەزیندانـدا هەندێ جار لێدوانی وادەدات کەدژی بۆچونەکانی خۆیەتی

■

شتیان نووسیوه، چ قسەیەکت بۆ ئەمە هەیە.

غەفور مەخموری: زۆردوربو لەڕاستیو شتی وانەبوه لەڕۆژنامەی(میدیا)ش لەچاوپێکەوتنێکمدا شتەکانم هەمووی ڕونکردۆتەوە.

زنار: زۆردەگوتریۆایەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان) پاشکۆی پارتیە پێت وایە ئەم قسەیەلەکوێوە هاتووە

غەفور مەخموری: ئەمە پڕوپاگەندەی ناحەزانیYNDKهی ئەوانەیە کەچاویان بەگەشەکردنو بالآبوونی YNDKهەڵنایەت،YNDKخودان سەربەخۆیی سیاسی خۆیەتیو نەبۆتە پاشکۆی هیچ کەسو لایەنێك هەربۆیەشە هەوڵ دەدرێت لەزۆرشت دوربخرێتەوە لەبەرئەوەی خودان تێڕوانینی خۆیەتیو ئامادەی سازش نیە لەسەرپرسە نەتەوەییەکان هەربۆیەش هاوکاریYNDKناکرێت ئەگەر YNDKپاشکۆی هەرلایەنێك بووە ئێستا وەزعی بەشێوەیەکی تردەبوو ئەگەرYNDKهەندیۆشتی قبوڵ بکردایە، ئێستا وەزعێکی ترمان دەبوو، بەلآم ئێمە بەوپەڕی شانازیو سەربلّندیەوە، سەربەخۆیی خۆمان پاراستووەو درێژەبەکاروخەباتی خۆماندەدەینو بەرەنگاری سەختیو گرفتەکان دەبینەوەو ئێمە هەینو لەسەنگەری خەڵکە هەژارەکەداین، ئێمە خزمەت کاری خەڵکین کوێخای خەڵك نین ناحەزانیش چی دەڵێن بابیڵێن.

زنار: سەبارەت ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان ڕات چیە پێتوایە لایەنیۆ هەبیۆ لەکوردستان کەناوبنرێت ئۆپۆزسیۆن

غەفور مەخموری: تائێستا لەکوردستان ئۆپۆزسیۆن نیەو بوار نەڕەخساوە ئۆپۆزسیۆن دروستبێت، هەرلایەنێك جوڵەیەك بکات گرفتی بۆدروست دەکەن بەباوەڕی من عاقڵیەتی سیاسی کوردستان ئۆپۆزسیۆنی قبوڵ نیەو نایەڵێت دروستیش ببێت، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنیش لەهەر وەلآتێك واتا کامڵ نەبوونی پرۆسەی سیاسیو بەدیموکراتیزەکردنی ئەو ولآتە دەگەیەنیۆ بۆیە ئەگەر ئێمە باوەڕمان بەئازادی کاری سیاسیو کرانەوەو بیناکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیوچەسپاندنی بنەما دیموکراتیەکان هەبێت، دەبیۆ زەمینەسازی بکەین بۆدروست بوونی ئۆپۆزسیۆنو لەدەستاودەست کردنی دەسەلآت نەترسین، بەلآم وادیارە بۆ ئەمە هێشتا ماومانە، هەربۆیەش دەڵێم ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان نیە.

# بەجیهانی بوونی دیموکراسی

**ن: عەلی تەراح**

**و:دڵشادی مەلاعەولآ**

بەجیهانی بوونی دیموکڕاسی، لەڕوو وەستانەوەیەکی نوێیە کە ڕووبەڕووی دوونیابۆتەوە، هەرچی دیموکڕاسیە کە وەکو سیستەمێکی فەرمانڕەوایی دەرکەوت، بیرۆکەکەی لە ئەوروپای خۆرئاوا وەرگرتووە، بەمەبەستی ڕاپەڕینەکان لە ئەوروپادا کە تێپەڕ بووە بە لەخۆگرتنی سیستەمی سەرمایەداری . بەلآم بەجیهانی بوونی دیموکڕاسی کە تازە دەستی پێکردووە، بۆتە مایەی دڵەڕاوکێمان، چونکە لەژێرکەوڵی دیموکڕاسیدا دیاردەی دابەشکاری ڕەگەزپەرستیو ئاینی زۆر بەتوندی خۆی مەلآس داوە. لەوبارەوە با پارتی (الامە)لە کوێتدا بە نموونە وەربگرین کە خاوەنی سیمای ئاینیەو بیرۆکەکانی خستنەڕوو کە لە گرینگترینیان بابەتی دادگەری بوو، بەلآم کاتێك لە پڕ بەسەر سەرۆکی ئەو پارتەدا دەکەوین کە قسە لەبارەی نوێنەرایەتی ڕەوەندی دەکات، کە وردە وردە لە حکومەتدا سەرکەوێت. دەرکەوتنی ڕەوەندیو تیرەگەری لە کوێتدا دیاردەیەکی مەترسیدارە کە گەشە بکات لەسەر کەوڵی دیموکراسی و پاشان ئەو ڕەوەندو تیرەگەرانە وەرگۆڕێن بۆ تەشوێیەك کە مۆدیلی کوێتی داڕووخێنن. تەیاراتی ئیسلامی سیاسی بەتایبەتی جولآنەوەی ئیخوان موسلمین لەڕۆژی دامەزراندنیەوە، پەی بەکارەکە بردووەو زۆر بایەخی بەڕۆڵەی هۆزەکان داوەو توانیویەتی لە ڕیزەکانیاندا پەلو پۆ بهاویۆ. لەهەمان کاتیشدا ڕەوەندیش سەرکەوتوو بووە لەسوود وەرگرتن لە ئیسلامو بەرزکردنەوەی دروشمەکانی ئیسلام لەپێناوی هاتنەدی بەرژەوەندیەکانیدا. پرسیارێك کە دێتەپێشەوە ئەوەیە، بۆچی دیموکراسی لە ماناکانی بەتاڵ دەکرێتەوەو دەکرێتە ئامرازێك بۆ زاڵبوونی زۆرینە بەسەر کەمینەدا؟ مۆدیلی کوێتی یەکێك لە وێنە شێوێنراوو لادراوەکانی دیموکراسیە، کە تەواوکراوەتە ئامرازی دەسەلآتخوازی، بۆچی دیموکراسی لەدەوڵەتێکدا گەشەناکات لە نموونەی کوێت کە ئەزموونەکانی لە دوای سەربەخۆییەکەی دەستی پێکردوە، لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بۆچی هەردەم دیموکراسی بۆتە مایەی دڵە ڕاوکیۆ بۆ سیستەمی سیاسی؟ گومان لەوەدا نیە کە دیموکراسی کوێتی، لەژینگەیەکی هەرێمیەتی بەرهەڵستکار بۆ کولتووری بەشداری پێکردنی سیاسیی لەدایك بووە، هەرئەوەشە وای لێکردووە کە سەراسم بدات. دیموکراسی هیچ کاتێك نەبۆتە بیرۆکەیەك لەلای سیستەمە فەرمانڕەوا یەك بەدوای یەکەکان، چەندان جار بیر لەهەڵکوتانە سەری کراوەتەوە، پاشان فەرمانڕەواکە پەی بە ئاستەنگی ئەوە بردووە دەستی کرد بە ڕێبازی شێواندنی مۆدیلی کوێتی لە ڕێگای بەکارهێنانی دەسەلآتی ئابوریەوە کە ئەوەش بووە هۆکاری سەراسمی دیموکڕاسیی کوێتی. هەلومەرجەکە دوای جەنگی عێراق گۆڕاوەو دیموکراسی بۆتە ئەندێشەیەکی جیهانی، کوێت دەتوانیۆ ئەزموونەکەی وەرگۆڕیۆ بۆ مۆدیلێکی سەرکەوتوو، کە بگونجیۆ لەسەر ئاستی جیهانیدا بیگرێتە خۆیو ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو ترسو بیمەی کە لە عێراقدا هەیە. ڕۆشنە تاکە دیاردەیەکی سیستەمی نوێی جیهانی یان ئەوەی بەجیهانی بوونی لەسەر دەرکەوتووە، بەتایبەتی دوای جەنگی سارد، ئەوەیە کە لەوێدا جۆشدانی نێوان تیرەگەریو دیموکراسی هەیە. هەرچی دیموکڕاسیە هانی کەمینەو کۆمەڵەی ڕەگەزیو ئایینیەکانی داوە لە پۆشینی عەبای دیموکڕاسی دا.

پارتی (الامە )پێکهاتەکەی خێڵەکیەو داخوازیەکانیشی ڕەنگدانەوەی ئارەزوو داخوازیی ڕۆڵەکانی ڕەوەندە . بەهەمان شێوەش ڕادیکاڵی ئیسلامی لە ڕەوەندەوە توانای پاڵنان بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیەکانی بەدەست دەهێنیۆ. هەموو ئاماژەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناوچەکە بەبیۆ جیاوازی کەنداو یان ولآتانی عەرەبی بەگشتی لەوپەڕی قەیرانی گەورەدان کە ناشتوانن لەو قەیرانە دەربچن. مەگەر بەدووبارەپێداچوونەوە بە خەملآندنی ڕێبازی ڕابردوو پەی بردن بە هەڵە گەورەکان کە سیستەمی فەرمانڕەوایی عەرەبی دووچاریان بووە. خۆگێل کردن لە واقیعو فەرامۆش کردنی ڕاستیەکان لەمەودوا ناوچەکە بۆ تەقینەوە گەلێکی کۆمەلآیەتی پەلکێش دەکات کە کەس چاکەی ئەوە باس ناکات کە لەدوایدا دێت. ڕزگاربوونی عەقلآنی بەخستنەڕووی چەمکی هاولآتیەتی بەرجەستە دەبێت، ئەو چەمکەی کەهەمووان لە سایەی نیشتیماندا لێك نزیك دەکاتەوەو بۆ هەموو لایەك هەلی وەك یەکی دەڕەخسێنیۆ. جگە لەمە کارەکە بەپێی عەقڵو لۆژیك بەڕێوە ناچێت، ئێستاشی لەگەڵ دابێت دامەزراوەی حکومڕانی کەنداوو ولآتانی عەرەبی توانای پەیبردنی گۆڕانەکانیان نیە کە بەتەواوەتی لەناوچەکەدا دەستی پێکردوە. ئەو هەلومەرجەی ئێستا بەرەنگاری واقیعمان بەسەردا دەسەپێنیۆ، ئەگەر نا ئەوەی لەمەودوا دێت زۆر زیاترن بەتایبەتی کاتێك کە ئێمە ئەوە لەدیدە نەگرین کە لەلوبنانو سوریاو میسرڕدا ڕوویاندا. تەنیا ئەوەی لەسەر ئێمەیە، پەی بردنمانەو داننانمانە بەهەڵەکانو ئەوەش گەورەییەو لە ترسو تۆقینەکانی داهاتوو دوورمان دەخاتەوە.

سەرچاوە: سایتی تەنویری کوێتی

# پەیکەرێك
# بۆ پەندو نەفرەت لە شەری براکوژی

**عوسمان رەسول / سەنگەسەری**

مرۆڤ هەمیشە لە ململانێو ناکۆکیەکان بە شێوەی رەواو نارەوا روو بەروو بۆتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لەم پێناوەشدا لەگەڵ سرووشتو دەورو بەریو گیانەوەرەکانو تادەگاتە مرۆڤو خێزانو کۆمەڵگادا جەنگاوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانو پێشکەوتنەوە شێوازی ململانێکان بە ئاقارێکی جیاواز .. لە پێناوی مرۆڤایەتیدا کەوتوونە شەڕی ساردو داهێنانو تەکنەلۆژیاو پێکەوە ژیان بە ئامانجی خزمەتکردنی کۆمەڵگا. ئەگەر لەم روانگەشەوە تەماشای مێژوو بکەین هەر لە هاتنی (ئادەمو حەوا ) بۆ سەر زەویو دوای کوشتنی (هابیلو قابیل) کەبرابوون بۆ یەکەمین جار رووبەڕووی شەری براکوژی بوونەوە لە خێزانەکە ی خۆیاندا، بەدوا ی ئەمانیشدا شەڕی خۆ بەخۆ لە ئاستی تاكو خێزان پەرەی سەند چووە ناو تیرەو عەشیرەتو نە تەوەو کۆمەڵگاو مەزهەبو ئایدلۆژیاکان رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن دابوون، ئەوروپاش شەرێکی خوێناوی گەورەی براکوژی بە خۆیەوە بینیو(٥ ) ملیۆن کەس بوونە قوربانی لە پێناوی دەسەڵاتو مەزهەبدا کە لە ژێر ئەم پەردەیە باجو کوشتنی خەلکیان بۆ خۆیان حەلا ڵ کردبوو. لە سەردەمی ئیسلامیشدا شەری براکوژی بە هەزاران مووسڵمان بوونە قووربانی لە شەرەکانی(سەفینو جەمە ل)و تەنانەت خەلیفەکانی وەکو (عومەرو عوسمانو عەلی)هەر لەلایەن مووسلمانەکان خۆبەخۆ کوژرانو تاوەکو ئێستاش درێژەی هەیە لە ژێر پەردەو شێوازێکی دیکە .. ئەوەی جێگای سەرنجە شەڕی برا کوژی هەر لە مەزهەبو عیلمانیەتو چەپەکانو راستڕەوەکان لە دنیادا بێ بەش نەبوون، بەڵام کۆتایی هێنانی ئەم شەرە ناوخۆییانە بەندبووە بە هووشیاری خەڵکەوەو لە هەمان کاتیشدا سەرانی شەڕ هەلگیرسێنەر لە پێناوی دەسەلاتی

خۆیاندا دەیان دروشمی بریقەداریان بە ناوی خزمەتی گەلەوە بەرز کردۆتەوەو خەڵکیش بۆتە سووتەمەنی دەسەلاتو پاوانخوازی لە زۆر وڵاتانی دنیادا. بۆ نەفرەتو پەند وەرگرتن لەشەری براکوژی رەمزو پەیکەرو مۆنۆمێنتیان دروست کردووە کە ژمارەی قووربانیانو بێ سەرو شووێنەکانو کاولکارییەکانیان تێدا نووسیوەو لە قوتابخانەکانیان وەکو مێژوو بۆ نەوەی نوێ دەخوێنرێ تا جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە، تەنها بیر لە پێشکەوتنو مرۆڤایەتی بکەنەوە. هەروەکو شەری برا کوژی نێوان کۆرییەکانی باکوورو با شوور ساڵی ( ١٩٥٠ — ١٩٥٣)کە تاوەکو ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوەو لە ماوەی ٣ ساڵو یەك مانگدا زیاتر لە ٦ ملیۆن هاوولاتی بوونە قووربانی شەری ئایدلۆژیای سۆسیالیستیو ئیمپریالیستیو هەردوولاش بە یەکتریان دەگووت جاش بەلام ئێستاش مۆنۆمێنتیان بۆ یادی ئەم کارەساتە تراژیدیایە درووست کردووە. هەروەها ئەمریکیەکانیش لە شەری ناوخۆیاندا ساڵی (١٨٦١ — ١٨٦٥)لە نێوان ولایەتەکانی باکوورو باشوور کە (ئەبرەهام )سەرۆکی وولات بوو شەر لە نێوان (گرانت )سەرۆکی باشوورو (بۆرگارد) باکوورو شەر لە نێوانیان درێژەی هەبوو( فەرەنساو بەریتانیا)پشتیوانیان لە ئەبرەهام دەکرد هەرچەندە لە کاتی نمایشی شانۆگەریدا تیرۆر کراو لەم شەرە ناوخۆیەشدا نیو ملیۆن کوژراو تاوەکو ئێستاش لە بیریان ناچێتەوە .. لە ( رۆماش )کە ماوەی ١٩ سا ڵ شەری برا کوژی درێژەی هەبوو جگە لەوەی کۆیلەکان کرینو فرۆشتنیان پێوە دەکراو بە هەزارانیان تێداچووبێ سەرو شووێنو ئاوارە بوون

( بەریتانیەکانو سکۆتلاندیەکانیش) ماوەی ٩ ساڵ شەری خۆبەخۆیان هەبوو (شا چارلسی )یەکەم دوای گرتنی تیرۆر کراو زیانی گیانیو ماددی بەر خەڵك کەوت. هەروەها ئیسپانیەکانیش ٣ ساڵ شەریان کرد، ئەڵمانەکانیش بە هەمان شێوە دوای چەندین ساڵ دیواری بەرلینیان شکاندو یەکیان گرتەوە. شەری( رواندا ش)لە ماوەی دوو هەفتەدا نیو ملیۆن کوژران ...دیارە کوردستانی خۆشمان هەر لە سەردەمی مێرنیشینەکان تاوەکو سەردەمی شۆرشی شاخو راپەرینی شار شەری ناوخۆمان درێژەی هەبووەو وڵاتانی ئەقلیمیش هاوکاری کردوونو درێژترین شەرمان لە دژی یەکتری کردووەو تاوەکو ئێستاش نەمانتوانیوە رەخنە لە رابردومان بگرینو داوای لێبووردن لە میللەتەکەشمان بکەینو پەند لەرابردوو وەرگرینو ئازادیش بووینو سەدامیش رووخا کەچی هێشتا ئیدارەکا نمان یەکی نەگرتۆتەوەو شەری سارد هەر بەردەوامەو نەمانتوانی هەلەکان بقۆزینەوە، بۆیە باشتر وایە کات نەکوژینو خۆمان یەکخەینو پەکیەرو رەمزێك بۆ شەری ناوخۆ درووست بکەینو بۆ ئەوەی نەوە دوا ی نەوە بیبینێو لە قوتابخانەکانیش بخوێنرێو لە یاد نەچێو ئامارەکانی قووربانیو ماڵیو کاولکاری لە سەر بنووسرێو چیدی فرمێسكو درووشمی بێ کردار هەلنەرێژرێ، چوونکە ئەگەر قووربانیانی شەری ناوخۆ کۆبکەینەوە زۆر لە کارەساتی هەڵەبجە گەورەترە بەلام بێ ناو نیشان ترە.

## محەمەد عومەر عوسمان:

# بۆیە لە مردن دەترسین چونکە هیچ لە ماهیەتی نازانین



**بالأیەکی بەرز، قژێکی سپی، جگەرەیەك هەمیشە بەلالێوەوە، شەرمن بەڵام قسەخۆشو راستگۆو بوێر، ئەگەرچی بە ژەنەراڵی پایز ناسراوە، بەشاعیری پایزو گەڵارێزان ناسراوە، بەڵام زەردەخەنە لە سیمای جیانابێتەوە. ئەمانە هەمووی ئەو هێمایانەن کە محەمەد عومەر عوسمانی پێدەناسرێنەوە، لە سەردانی ژەنەراڵی پایز بۆ رانیە ئەم دیدارەمان لەگەڵدا سازدا**

**زنار: سەرەتای دروستبوونی هەستی شیعری لای تۆ لە چ ساتو کاتێکدا بوو**

محەمەد عومەر: لە راستیدا سەرەتا لە ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٥و دواتر من وێنەم دەکێشا، زۆر حەزم لە چیرۆك نووسین بوو، چیرۆکمو نووسیوەو تا ئێستا یەك دوو چیرۆکم بلأو کردۆتەوە، دواتر ئەو کاتانەی سەرچاوەکانی روانگەو ئەدەبی روانگەو چەند سەرچاوەیەکی ترو گۆڤاری بەیان، حەزم بە شیعر نووسین کرد، دیارە تۆ کە سەرەتا شیعر دەنووسیت، لاسایی، شاعیرانی تر دەکەیتەوە، لەو کاتانەشدا تۆ خاوەنی روئیایەکی خۆت نیت یان شێوازی تایبەتی خۆت، دیارە بۆ هەموو شاعیرێکیش سەرەتا هەروایە، وردە وردە، ئەوکاتانە عەشقێکیش لە ئارادبوو، عەشقیش بزوێنەرەو هاندەرە بۆ ئەوەی شیعر بنووسیت، ئەو حەزەش لەناختا دروست دەبێت کە حەزبکەی شیعر بنووسیت، دیارە کە بە کەسێك بڵێن شاعیر وشەیەکی زۆر جوانە وەك چۆن دەڵێن دەبێتە پلەو پایەیەکی گەورە پێی بڵێن شاعیر. بەڵام دواتر کە لە رێچکەی شیعرو شیعر نوسیندا بەردەوام بوویتو خوێندتەوە، رامانو روئیات بە پاڵپشتی فەلسەفەو جیهانبینی فیکری، ئەوکاتە بیرلەوە دەکەیتەوە کە شێوازو دەنگێکی تایبەت بەخۆت هەبێتو بڵێن ئەمە دەنگی فلأن کەسە. منیش لەسەرەتاوە کە ئەو شارەزاییەم نەبووە، دواجار لە ساڵانی داهاتووتردا روئیایەکم لادروست بووە کە دەبێت ئاوا تەعبیر لە شیعربکەیت، کۆمەڵە تایبەتمەندیەك لە ئەندێشەی مندا دروست بووە، ئەو بەرهەمانەی کە پێبشوتر نووسیومە بێگومان من خۆم هەموویانم سوتاندووەو بەلاشمەوە ئاسایی بووە، بۆ ئەوەی تەرکیز بخەمە سەر ئەوەی کە کام شیعرم جوانە..

**زنار: بۆچی شیعرەکانت سوتاند...**


محەمەد عومەر: دیارە کە تۆ سەرەتا دەستپێدەکەی جیاوازە لەوەی کە بە فیکرێکی تێرو تەسەلەوە یان بە جیهانبینیەکی ترو تێگەیشتنێکی ترەوە لە ئیستاتیکای شیعر، جیاوازە لەوەی کە تۆ بە توانایەکی ئاوا بێیتە مەیدانەوە. دیارە تۆش دەبێت شیعرێك بخەیتە بەرچاوی خوێنەرانت کە شیعربێتو دەنگو رەنگی خۆتی پێوە دیاربێت.

**زنار: ئەو تایبەتمەندیە چییە کە تۆ لە تەواوی شاعیرانی دیکە جیادەکاتەوەو لە هەمووان جیاوازی یان چۆن هەوڵت داوە ئەو تایبەتمەندیە درووست بکەی.**

محەمەد عومەر: دیارە عاشقبوون شتێکی گەورەیە، تێکشکانییش لە عەشقا هەر کەرەساتێکی گەورەیە، زۆرجار تۆ بەسەر حاڵەتێکدا دەکەوی جا لە سروشتدا بێ یان دەوروبەردا، ئەمە بۆخۆی تایبەتمەندیەك وەردەگرێت من سەرەتا کچێکم خۆشویستووە بڵێن چاوی کاڵ بووەو چاوەکانیم بە دوو گەڵای پایز چواندووە، قژی زەردبووە، ئەمە وای لەمن کردووە کە من بەرەو ئەو دنیایەبەرێو بەرەو ئەو جۆرە مامەڵەکردنەبەرێ لەگەڵ شیعرا کە دواجار دەیان دەلالەتو شێوازی جیاجیا دەگرێتەخۆی، ئەمەیە کە کەسانێکی زۆر من بە شاعیری پایزو گەڵارێزان بچوێنن، من ناڵێم ناسینی کچێك بچووکە بەڵام جاری واهەیە لە رووداوێکی لەو شێوەیەوە، تۆ سەرچاوە دەگری لە سادەییەوە بۆ قوڵبوونەوە.

**زنار: پایز هەژمونێکی زۆری بەسەر شیعرەکانی تۆدا هەیە،تائەو راددەیەی حەز دەکەی هەر چوار وەرزی ساڵ پایز بێت، نهێنی ئەم هەژمونەی پایز زیاتر بۆچی دەگەڕێتەوە.**

محەمەد عومەر: من دواجار کە باسی قوڵبوونەوە دەکەم، وەك پایز دەستمپێکرد، دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کە بەرلەمن هەرچی بەرخودانو سەرکەوتن هەبوو دەیانخستە پاڵ بەهار، وەکو مامەڵەی کلاسیکی لە شیعردا، هەرچی بەدبەختیش هەبوو دەیان دایە پاڵ وشەی پایز، بەڵام من هاتم ئەوهاوکێشانەم گۆڕیو ئەم توانایەم لەپایزدا دۆزیەوە، پایز، بە کۆمەڵێك دەلالەتی جیاواز، وەك فۆرمیش گەر بتەوێ بیخەیتە ناو رێبازێکی شیعریەوە رەنگە ئەوەش حاڵەتێکی رۆمانسی بێت، یان لەهەمان کاتدا حاڵەتێکی فەلسەفی بێت، کە تۆ دەیبەستیتەوە بە چەمکی مردنو ژیانەوە، وەك چۆن کاتێك کە گەڵاکە سەوزبووە دواتر زەرد دەبێتو دەوەرێت..واتە من بەقوڵبوونەوەو روانینی خۆم بۆ چەمکی پایز، خۆم گەیشتم بەو قەناعەتەی کە ژیانی ئینسان سەفەرێکە لە پایزەوە بۆ پایز، یان مەرگو ژیان لە پایزدا ئامادەییان



# ژیانی ئینسان سەفەرێکە لە پایزەوە بۆ پایز

هەیە، بۆ نموونە.. تۆ كاتێك لە پایزدا بابڵێین دارهەنارێك كە هەموو هەنارەكان بەری گرتووەو گەییون لەهەمان كاتدا گەڵا دەوەرێ، لەهەمان كاتدا ئەو گەڵایانەی دەچن بۆ بەرەو سەرگەردانی دەوەرێن، من دەتوانم لە درەختێكی هەناردا مردنو ژیان ببینم كە بەیەكەوە ئامادەییان هەیە.. ئیتر هاتووم لەو چەمكانەدا دەلالاتو بینینی جیاوازو مانای جیاوازم لەناو پایزدا دۆزیوەتەوە، خۆتان شیعرەكانی منتان لەبەر دەستدایە، كە دەشێ شیعرەكان خۆیان بێن پێناسی خۆیان بكەنو نهێنیەكانتان بۆ ئاشكرابكەن.

زنار: باسی ئەوەت كرد، تۆ كچێكت خۆش ویستووەو ئەمەش پاڵنەربووە بۆ شیعرنووسین، ئایا مەرجە ئینسانی شاعیر كە داهێنان دەكات لەبواری شیعردا، هەمیشە بەهۆی كچێكەوە بێت، یاخود ناكرێ ئەم كچە لە دیدی شاعیر بوونێكی مەجازیەبێتو وەكو رەمزێك بەكاری بەكاری بهێنێت.

محەمەد عومەر: ئەوە دەكرێت، ئەگەر لە رووی مەجازیەوە بێت دەبینی هەندێ شاعیر وادەزانی شیعرەكەی بۆ كچ گوتەوە، بەڵام لەوەیە لەهەمان كاتدا ئەو شیعرەی بۆ نیشتیمان گوتبێ یان بۆ مەسەلەیەكی فەلسەفی گوتبێ، بەڵام ئەو هاتبێ لە رێی كچێكەوە تەعبیری لەو خۆشەویستیە كردبێ، بەڵام من پێموایە بە سەبارەت بەئەزموونی خۆمەوە باوەڕم وانیە تۆ كچێكت خۆشنەوێتو بتوانی ببیتە شاعیر.

زنار: ئەو ساتانەی كە تۆ شیعر دەنووسی زیاتر لە چ كاتێكدایە، یان هەمووكاتێک تۆ فەزای شیعر نووسینت بۆ فەراهەمە.

محەمەد عومەر: لای من شیعر لەهەمو ساتەوەختەكان لەدایك نابێت، دەشێت كۆمەڵێ یادو بیرەوەری شتی جیاجیا لە مێشكی مندا كۆببنەوە بیانهێنمو بیان بەم، دیارە ئەوەش پێویستی بە حاڵەتێكی زهنی هەیە، تۆ كە تێبینی بكەی دیارە كەمن زۆربەی شیعرەكانم لە شەودا نووسیوە زیاتر لە سەعات یەكو دووی شەو، من نازانم ئەو نیانیەی شەو كە بۆمی بەرجەستەدەكا، زۆر بەدەگمەن توانیومە لە رۆژدا شیعرێك بنووسم.

زنار: ئەی شیعرەكانت زیاتر لە وەرزی پایزدا دەنووسی

محەمەد عومەر: مەرج نییە شیعرەكانم لە پایزدا نووسیبێت تۆ كە حاڵەتەكە لە رووحتا ئامادەیی هەبوو، بۆ نمونە من لە هاویناو لە باشووری عێراقدا بە شیعر باسی بەفرم كردووە، دەشێ وەرزێكی تربووبێو لەگەڵ گەڵا مامەڵەم كردبێ، مانای ئەوە مەرج نییە، وەكو گوتم كۆمەڵێك ساتو كاتی جیاوازیش كە وەكو فلتەرێك بە مێشكتدا دەڕوا، وەك شیعرێكی بەرجەستەو ئێستا خۆی نمایش دەكات.

زنار: قەت هەبووە شیعرێكی جوانت بۆ هاتبیو بەڵام تۆ دەرفەتی نووسینت نەبووبیو دوایی نەتتوانیبێ بگەڕێیەوە سەری.

محەمەد عومەر: ئەو حاڵەتانە لەلای من زۆر زۆر بەردەوامیان هەیە، تا ئێستاش كە لەگەڵ جەنابتان قسە دەكەم ئەو حاڵەتە بەردەوامی هەیە، یەكەم دەگەڕێتەوە بۆ تەمبەڵی خۆم، یان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوكاتانەی كە مێشكم زۆر هیلاكەو پێویستیم بەخەوە، لەو كاتەدا شیعرێك واتلێدەكات بینووسی، بۆیە كاتی خۆی هاوڕێی زۆر خۆشەویستم(بەختیار عەلی) رایسپاردم كە شەوانە لای پێخەفەكەمەوە قەڵەمو كاغەز دابنێم، بۆ ئەوەی ئەو شتانە تۆمار بكەم كە بە مێشكم دادێت.

زنار: باسی ئەوەت كرد كە كچێك بووە هۆی ئەوەی یەكەمجار شیعر بنووسی، بەڵام لەو كاتەدا كۆمەڵێك تراژیدیا هاتووە بەسەر ئەو میللەتەداو وای لە زۆر شاعیری غەیرە كوردیش كردووە شیعری لەسەر بنووسێ، ئایا تۆ هیچ كاتێك ئەو تراژیدیایانەی بەسەر كورددا هاتووە هانی نەداوی شیعری لەسەر بنووسی.

محەمەد عومەر: ئازیزم ئەوكاتانەی من دەستم كردووە بە شیعر نوسینو لە قۆناغی هەرزەكاریدا بووم، ئەوكات نە ئەنفال لە ئارادابوو، نە كیمیابارانكردنی هەڵەبجەو ڕاگواستن، ئەوكاتە وەكو سەرەتا گوتم تۆ بیرو ئەندێشەت كامڵ نەبووە هێشتا، من خۆم گوتم لەسەرەتای گەنجیدا ئەوەی بیرو هۆشت داگیردەكات وەكو حاڵەتی فەسلەجی مرۆڤ لە گەنجیدا زیاتر هەر خۆشەویستیو رەگەزی بەرامبەرە.

زنار: بەشێک لە داهێنەرە جۆراوجۆرەكان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەهۆی گەیشتن بە قەناعەتێكو بیركردنەوەیەكی فەلسەفی گەیشتوون بەو بڕوایەی كە خۆیان بكوژن، جا بەهەر دەلیلێک بۆبێ، تۆ هیچ كاتێک بیرت لە خۆ كوشتن نەكردۆتەوە.

محەمەد عومەر: گەلێ جار خۆكوشتن بەبیری هەموو مرۆڤێكدا دێتو هاتووە، وەك چۆن خۆشەویستی ئامادەیی هەیە، خۆكوشتن، سەفەركردن، چەندین چەمكی تر لە ژیانی ئینساندا ئامادەییان هەیە، من بیرم لە خۆكوشتن كردۆتەوە بەڵام رەنگە لەهەمان كاتدا، ناتوانی خۆت بكوژی، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی تۆ ترسنۆكی، لەبەر ئەوەی هەست دەكەی تۆ موڵكی خۆت نی، لەلایەك موڵكی دایكتی یان براكانت، یان كەسانێك ئومێدێكیان پێتە، بۆیە هەر لەو روانگەیەوە من هاتووم شیعرێكم نووسیوە بەناوی(خۆكوشتن) لە كۆمەڵە شیعری لە غوربەتا، دیارە تۆ

دەكرێت شاعیر بێ یان چیرۆكنووس لە هەر بابەتێكی تردا و مامەڵە لەگەڵ ئەم شتانەدا بكەی كە شیعر لەسەر خۆكوشتن بنووسی یان چیرۆكێك، لەسەرەتاوە خەڵكی ئێمە زۆرجار ناچێتە ناو قوڵایی شتەكانەوە، زۆركەس هاتن ئەوكاتەی شیعری خۆكوشتن لە غوربەتا بڵاوبۆوە، دەیان گوت كەی خۆت دەكوژی، یان نەچی خۆت بكوژی، بەڵام دواجار كەسێكی وەكو مەریوان وریا قانع دێت، رەخنەیەكی بونیادگەری كەیەكەم رەخنەی بونیادگەرییە لە شیعری كوردیدا دێت و لەسەر شیعری منی دەنووسێت، ئەو رەخنەیەی لە پاشكۆی كوردی رۆژنامەی عێراقدا بە سێ ژمارە بڵاوكردەوە، دواجار كەسێكی وادێت شیعرەكەی مـن روون دەكاتەوە بۆ خوێنەرو باسی بونیادی خۆكوشتن دەكا لەو شیعرە، دێتە سەر ئەوەی كە بونیادی خۆكوشتن بونیادێكی كورت و كەمخایەنە لەچاو بونیادی خۆنەكوشتن و مانەوەو بەردەوامی، دێڕەكانی خۆكوشتن كورت و كەمن، بەڵام دێڕەكانی خۆنەكوشتن بەردەوام و درێژترە، تا دەگاتە ئەوەی كە ئەم شیعرە نەك بۆ خۆكوشتن، مردن، بەڵكو بۆ عەشقێكەو بەردەوامی، باسەكەشی هەر لە ژێر ناونیشانی (ئەفسانەی خۆكوشتن لە شیعری خۆكوشتنی محمد عومەر عوسماندا) ئەوكاتە بابەتەكەی منی زۆر دڵخۆشكرد، هەستمكرد ئەوەی بۆ خوێنەر روونكردۆتەوە، كە هەندێك خوێنەر بە بڕیاری پێشوەختە تاوانبارم دەكا بە شتێك و دەمخاتە ژێر روانینێكی هەڵەوە، بۆیە ئەوكاتە بابەتەكەی مەریوان بڵاو بۆوە زۆرم پێخۆش بوو.

زنار: پێتوایە ئێستا شتێک هەبێ بەناوی رەخنەی لە دنیای ئەدەبی كوردی.

محەمەد عومەر: دەشێ هەبێت و هەشە، بەڵام هێشتا رەخنە نەگەیشتۆتە ئەوەی كە دەقێكی سەركەوتوو هەڵسەنگێنێت، ئایا رەخنەكان بەو جدیەت و جوانیە شان بەشانی رۆیشتن لەگەڵ قوتابخانە رەخنەییەكانی مۆدێرنێتە دەرۆن و ئامادەییان هەیە؟ دەبێ ئەو پرسیارە بكەین، ئەگینا رەخنە بۆخۆی ئامادەیی هەیە، من پێموایە وەكو پێویست حزوری نییە.

زنار: تیۆدۆر ئادۆرنۆ پێیوایە هەڵەیەكی گەورە دەكەین مەرگەساتی بە كۆمەڵ، بە نموونە بڵێین هەڵەبجە یان ئەنفال بكرێت بەبابەتی هونەری، ئایا تۆش لەو سۆنگەیەوە كە هونەر دەرەقەتی ئەم كێشانە نەیەت بە شیعر تەعبیرت لە تراژیدیای كورد نەكردووە.

محەمەد عومەر: بە نسبەت تراژیدیا گەورەكانەوە من پێموایە ئەو بۆچوونە راستە، تۆ بێی و بلێی بە شیعرێك یان تابلۆیەك تەعبیرم لە ئەنفال كردووە، هەرگیز ناتوانی بە شیعر تەعبیر لە ئەنفال و كیمیابارانكردنی هەڵەبجە بكەی، لەوانەیە شیعرزۆر بچوكتربێت لە تراژیدیایەكی وا گەورە، یان لە ئاست مەرگی منداڵێكی هەڵەبجەدا بۆ نموونە، دەكرێ تۆ هەرچیەك بڵێی و بكەی دەكرێ تۆ بە بەشێكی زۆر بچوك تەعبیرت لەو تراژیدیایە كردبێت، ئازاری تاكە ئینسانێك جێگەی تێرامان و بیركردنەوەیەكی قوڵە، چجای ئەوەی تۆ بێی باسی كاول بوونی شارێك بكەی بەهەموو ئینسانەكانیەوە، ئەمە بۆچوونێكی زۆر راستە بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت، تۆ سڕببیت و دەست نەبەیت بۆ ئەم بابەتە، بەڵام ئاكام هەرچی بنووسی لە ئاست ئەم بابەتە چەند دڵۆپ فرمێسكێكە.

زنار: مردن چارەنووسی هەموومانەو بەگشتیش هەموو خەڵكی لێی دەترسن، با بڵێین محمد عومەر تا چەند لەمردن دەترسێت.

محەمەد عومەر: ئەو پرسیارەی جەنابت دەمباتەوە بۆ نووسینەكانی (كریشنا مۆرتی)لەسەر مردن، ئایا مردن شایەنی ئەوەیە لێی بترسین. بێگومان ئێمە بۆیە لە مردن دەترسین چونكە هیچ لە ماهیەتی مردن نازانین، دەشێت من یەكێك لەهۆیەكانی ترسانم لە مردن ئەوە بێت كە حەزدەكەم زۆر بژیم، وەك شاعیرێك دەمەوێ ئەو هەست و نەستانەی خۆم بخەمە سەر كاغەز، لەوكاتە هەست بكەی مردنی تۆ دەبێتە رێگرێك كە نەتتوانی بێت پەیامەكەی خۆت بگەیەنی، دەنا هەمووكەسێك و لەهەر پلەو پایەكدا بێت دواجار لەمردن دەترسێت و لە ئاستی مردنا پێموایە هەموومان بێدەسەڵات و بچوكین.

زنار: تۆ ترست لە خەڵەفان نییە كە رۆژێک خەڵەفان بەرۆکت بگرێ.

محەمەد عومەر: دەشێت ئەوەش جێگەی مەترسی بێت بۆ هونەرمەندێك یان شاعیرو بیرمەندێك، تۆبەم پرسیارەت خەڵەفانی (نیچە)ی فەیلەسوفی ئەڵمانیم بیردەخەیتەوە كە وایلێهاتبوو لە كتێبی (زەردەشت وەهای گوت) هەموو شتێكی بەهەند وەرگیراوە حسابی گەورەی بۆكراوە، بۆیە لەكاتی خەڵەفانیدا هاوارێ و دڵسۆزەكانی فەلسەفەی نیچە پاسەوانیان بۆدانابوو، بۆئەوەی كاتێ هەندێك قسە دەبزرکێنێ خەڵكی قسەكانی ئەو نەقۆزنەوەو بەناوی ئەوەوە تۆماری كەن و ئەمەش ئاكامی خراپی لێ بكەوێتەوە، بۆیە دەبێت هەمووكەسێك لە خەڵەفان بترسێ. دەشێت خەڵەفان بۆشاعیرو فەیلەسوفێكی گەورە لەگەڵ مردندا جیاوازی نەبێت و دەشێت مردنەكە بۆئەو زۆر باشتربێ، چونكە ئەمەیان مردنی ئەندێشەكانیەتی.

زنار: حیكایەتی ئەو شیعرەی كەبۆ خانمی سورپۆشت نووسیوە بۆ خوێنەران بگێڕیەوە.

محەمەد عومەر: زیاتر لە سی ساڵ لەمەوبەرو لە تارانی سەردەمی حوكمی رەزاشا واتا پێش شۆڕشی ئیسلامی ئێران، سی ساڵ لەمەوبەر ئافرەتێك لەتاران لە خیابانی فیردەوسی و بەرامبەری پاركی وەلی عەصر، ئەم ئافرەتە بە مۆدێلی جلی ئەوكاتەوە كە سەرتاپا ئاودامان كراسی سوورو پێلاوی سورو شەپقەی سورەوە بەچەپكێك گوڵەوە چاوەڕێی خۆشەویستەكەی دەكات و جێژوانیان دەبێت، لەوكاتەی كە خۆشەویستەكەی دەیەوێت لە شەقامەكە بپەڕێتەوەو پێش ئەوەی بگاتە ئەم، ئۆتۆمبێلێك دەیخاتە ژێرەوەو دەیكوژێت، بەڵام ئەم ئافرەتە پاش سی ساڵ بەهەمان بەرگەوەو وەكو حاڵەتی پێشووی یەكەمین ژوانیەوە ئامادەیی هەبووە، ئەم ئافرەتە قودسیەتێكی وەرگرتووەو هەر بەیادی ئەو ژوانەوە دەژیەت و باوەڕناهێنێ كە خۆشەویستەكەی مردووەو هەروادەزانێ سەرەتایەتی و هاتووە بۆژوان، وایلێهاتبوو ئەم ئافرەتە قودسیەتێكی وەرگرتبوو لە تاران كچ و كوڕانی گەنج دەچوون دەستیان ماچ دەكردو وەكو رەمزێك بۆ قوربانی عەشق سەیریان دەكرد.. منیش هاتووم ئەو حاڵەتەم بەرجەستە كردووە لە شیعرێكمدا، وەلێ سەبارەت بەخانمی سورپۆشەوە دیارە لەگەڵ هاتنە سەرحوكمی جمهوری ئیسلامیدا نەیان هێشتووە بەم شێوەیە ئامادەیی هەبێ و هاتوون لەچكیان پێكردووە تا سەری رووتنەبێ، تەواوی شیعرەكەش وەكو پێمگوتن، بەرجەستەكردنی وەفایەكی زۆر قوڵ و راستگۆیانەیە بۆ عەشقێكی پاك و بێگەرد.

زنار: تاچەند ئەو عەشقە لای تۆ وجودی هەیە

محەمەد عومەر: دەشێت وجودی هەبێت وەلێ وجودی هەبووەو هەیە، ئەم پرسیارەی تۆ دەمباتەوە بۆ ئەوەی كە تۆ سەرەتا كچێكت خۆش بوێ و دواجار ئەگەر لەگەڵ كەسانێكی تریش ژیان درووست بكەی هەست دەكەی ئەوەی یەكەمت لەبیر ناچێتەوە، خۆشەویستی یەكەم كاریگەری هەیەو رەنگە تامردنیش نەسڕێتەوە، وەك پەشێو دەڵێ( بەڵام ئاخ بۆ ئەوەی یەكەم.. كە ناتوانم لەبیریكەم).

زنار:چۆنە تا ئێستا تەنیا ماویتەوە، مەبەستم تەنیایی بە دیوە وجودیەكەی نا، بەڵكو تا ئێستا لەگەڵ ژنێكدا ناژیت كە هاوسەرت بێت.


محەمەد عومەر: رەنگە یەكێ لەوشتانەی ژیانی من یان لای زۆركەسی تریش هەبێت، كاتێ تۆ كچێكت

خۆشویستووە لە سەرەتادا، شکڵو شێوازێکی تایبەتی هەبووە، وەکو لەسەرەتادا پێمگوتی: قژێکی زەردو دووچاوی پایزیو باڵایەکی بەرز، وێنایەکم هەیە بۆ ئەوکەسەی لەسەرەتادا خۆشمویستووە، دیارە لەگەڵ چوونە پێشەوەی تەمەنیشدا، ئەم وێناکردنەی کە بۆ یەکەم کەسی خۆشمویستوە بەردەوام حزوری هەیە لەناو مێشکو بیرمدا، دیارە کە تۆ لە خۆشەویستیەکی وەهادا تێکشکابیت، هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا دەڕۆیت کە کەسێك جێگەی ئەوەی یەکەمت بۆ بگرێتەوە، دواجار ئەگەر تۆ بەتەواویش تێکبشکێیت، ئەوەش نابێتە گرفتێکی زۆر گەورە بۆ کەسی شاعیرو هونەرمەند، وەکو شاعیرێك دەڵێت" من لە عەشقا تێکشکام بەڵام توانیم ببم بە شاعیرێکی زۆر زۆر گەورە".

زنار: بەختیار عەلی هاوڕێیەکی نزیکت بووە، ئەم یەکتری ناسینەی تۆو ئەو بۆکەی دەگەڕێتەوە، ئێستا پەیوەندیتان چۆنە.

محەمەد عومەر: دەتوانم بڵێم لە هەشتاکان تا ئەمڕۆ نزیکەی سی ساڵێکە بەختیار هاوڕێمە، لە بەغداو ئێرانو سلێمانیش زۆربەی کات بەیەکەوە بووین، بەختیار کوڕێکی بەهەڵوێستەو سەرەتا قوتابی بوو لە بەشی ئەندازیاری جیۆلۆجی لە زانکۆی هەولێر، ئەوەبوو وابزانم ساڵی ١٩٨٣بوو کە خۆپێشاندانی قوتابیان روویدا، ئەوکاتە هاوڕێیەکی تریشمی لەگەڵدابوو بەناوی(سەرداری حاجی عوسمان) کە ئەوکات ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، ئەو شەهیدکراو بەختیاریش لەکاتی خۆپێشاندانا ریژنەیەك گوللە کلاشینکۆفی بەدەستی چەپ کەوت کە ئێستا سەقەت بووە، بەختیار ئەوکاتانە وەکو شیعر لەلای من نەیگوتووە شیعر دەنووسم، بەڵام بەختیار متابەعەی هەبووە بۆ ئەدەبو شیعرو نووسین، سەرەتا کە یەکتریمان دەبینی، جارجار ئەو شیعرانەی خۆمم بۆ دەخوێندەوە کە لەسەرەتادا دەمنووسین، خۆی سەرسامی پیشانداوە بەرامبەر بە شێوازی شیعرلای من، خۆی پێی گوتووم کە سەرەتا کاریگەربووە بەمن و شیعری لە غوربەتای چەندینجار خوێندۆتەوە. نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە بەختیار لەناو ماڵەکەی خۆیدا کوڕەتاقانەیەو کوڕی کاك (شێخ عەلی بەرزنجی)یە کە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق بوو، ئەم کوڕە لەگەڵ چاوکردنەوەیدا کتێبخانەیەکی گەورەی لەبەردەستدابوو، بەردەوام خوێندویەتیەوە تا خۆی پێگەیاندووە، ئیتر تا بەر لەسەفەرەکەی بۆ ئەوروپا بەدەیان شەوو رۆژ بەیەکەوە بووین، گفتوگۆمان کردووەو بیروڕامان


# من و بەختیار عەلی لە بەغدا ملوانکەی مێخەکمان فرۆشتووە



گۆڕیوەتەوە، ئەو خوێنەرێکی زۆر جددیو ماندونەناس بووە، بەردەوام حەزی کردووە، بەرهەمەکانی خۆی بەر لە بڵاوکردنەوە، وەکو (گوناهو کەرنەڤاڵ)و ئەو جۆرە شیعرانەی بۆ من بخوێنێتەوە رای من بزانێ بەرامبەریان، دوو هاوڕێی زۆر زۆر خۆشەویستی یەکتریش بووین، رۆژگارێك منو بەختیار لە بەغدا ملوانکەی مێخەکمان فرۆشتووە لە ئیمام موسای کازم، سەبارەت بە پەیوەندیمان لە ئێستادا رەنگە من گلەیی لە بەختیار بکەمو رەنگە گلەییشی لێنەکەم، دیارە بەختیار ئێستا پرۆژەی زۆرەو ماندوو دەبێت، بەردەوام دەخوێنێتەوەو هەوڵدەدات بەردەوام داهێنانی تازە بکات، خۆتان دەزانن لە بواری جۆربەجۆر دەنووسێت وەکو رۆمانو شیعرو وەکو بیریارێکیش دەیەوێت خۆی نمایش بکات، راستە ئێستا برادەرەکانی من زۆربەیان لە ئەوروپانو ئەو رۆژانەی جارانمان بۆ درووست نابێتەوە وەکو شەوەهای شەو لەگەڵ بەختیاردا دانیشتووین تا بەیانی جگەرەم کێشاوەو مناقەشەمان کردووە، ئەو جەوە گەرمو گەورە ئەدەبییەی جاران بۆمن درووست نابێتەوە وەکودیلان دەڵێت( گری کۆڕی ساردەوە بوو بەچی خۆشکەم) رەنگە نەکرێ من گلەیی لێبکەم، بەڵام دیارە ساڵەهای ساڵە هاوڕێ بووین بەیەکەوە، دابڕانی تۆ لەو هاوڕێیە شتێکی ناخۆشە، لەوەتای چۆتە ئەوروپاش بەراستی لە کۆڕەکانیدا نەبێت کە لە سلێمانی کردوویەتیو یەکتریمان بینیوە، مەجالی ئەوە درووست نەبووە زۆر بەیەکەوە بین، زۆر جاریش کە ویستوومە میوانداری بکەم، ئەو هەمیشە گوتویەتی من کوڕی ماڵی ئێوەمو وام لێمەکە من ئیحراج بم لەبەر ئەوەی ئەو کۆڕی هەبووەو دانیشتنی هەبووەو ئەوشتانەش خۆی ئیلتیزاماتی خۆی هەیە.

زنار: تۆ زیاتر چێژ لە رۆمانەکانی دەبینی یا شیعرەکانی

محەمەد عومەر: من پار نەمتوانی شاری مۆسیقارە سپیەکان بخوێنمەوە، لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەم بەوە کردبوو کە من تا سێ رۆمانی پاولۆ کۆیلۆم خوێندۆتەوە وەك (یانزە خولەكو ڤێرۆنیکا دەیەوێت بمرێتو لە کەناری پیدرادا دانیشتووم و دەگریام) بڕوابکەن لەبەر چراو مۆمدا کوێرایم داهات، تەنانەت جاری واهەبوو لایتی چەرخەکەم دادەگیرساند بۆ ئەوەی لە شوێنێکی حەساسدا هۆشم نەپچڕێو دانەبڕێم، من رۆمانەکانی پێشووی بەختیارم خوێندۆتەوە، ئوسلوبێکی شاعیرانەی جوانی تیادەبینم، تەنانەت کارزانی برام کە لەخۆم بچوکترە شاری مۆسیقارە سپیەکانی بۆهێنام، بڕوابکەن لەبەر ئەو زروفەی کە هەموومان تێیدا دەژینو لەبەر بێ کارەبایی بەشێکی کەمم لێ خوێندەوە نەمتوانی تەواوبیکەم.. سەرەتاش سەبارەت بە شیعرەکانی وەك گوناهو کەرناڤاڵ کە بەختیار هەموو شیعرەکانی بۆمن خوێندۆتەوە پربەدڵ گوێم لێگرتووە، بێگومان من چێژ لە شیعرەکانی بەختیار دەبینم، تەنانەت هەمووکەسێك لەسەرەتای نووسینی ئەو شیعرانەی هەمووتان کاك ئازاد عبدولواحید دەناسن کە رەخنەگرێکی ناسراوەو کەسێکی دڵسۆزە بە ئەدەبو داهێنان، ئەوە بوو کاتێ کە ئەو کۆمەڵە شیعرەی نووسیبوو کاك بەختیارم برد بۆ لای کاك ئازادو پێکەوە دانیشتینو دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعرەکانی، تەنانەت کاك ئازاد عەبدولواحید بە حزوری منو بەختیارو تاهیرساڵح سەعیدو رەئوف



## ئازاری تاکە ئینسانێك جێگەی ڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵە، چجای ئەوەی تۆ بێی باسی کاول بوونی شارێك بکەی بەهەموو ئینسانەکانیەوە،

بێگەردو مستەفای سالح کەریم، تا بڵێ ئەوە دەنگێکی ئاوا جوانو داهێنەرانە هاتۆتە ئاراوە دانیشتنێکی زۆر خۆشی سازدا.

زنار: ئەوقسانەی کە لەسەر بەختیار دەکرێت بەوەی تاوانباری دەکەن بەدزی لە دەقە گەورەکانی جیهان، تۆ تاچەند بە ڕەوای دەزانی.. ئایا نزیکی هاوڕێیەتی خۆتو بەختیار دەبێتە هۆی پاساو هێنانەوە بۆی.

محەمەد عومەر: من لەسەرەتاوە کە هەستم بەو بەهرە جوانو ڕەنگینەی بەختیارکرد، هەر ئەوکاتیش کەسانێکی زۆر بیروڕای زۆر بێبنەماو سەقەتیان هەبوو لەسەر شیعرو داهێنان، بۆ نموونە کاتێ باسی لە شیعرەکانی خۆی دەکردو منیشی لەگەڵدابووم، کەسێك دەیپرسی شیعرەکانی تۆ نازم حیکەمەتییە یان نزار قەبانییە، وەکو ئەوەی کە نازم حیکمەت کە مارکسییە ئیتر ڕەمزبێت بۆ شۆڕشگێڕیەتی ئەوا قیاسیان دەکرد، من باوپێت بڵێم کە بەختیار خوێنەرێکی زۆر زۆر بەتاقەتەو تەحەمولی زۆری هەیە لەسەر خوێندنەوە، من پێموایە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەگمەنن ئەوانەی وەکو بەختیار سوربن لەسەر خوێندنەوەی کتێبێكو ڕۆمانێك یان لەسەر خۆ ڕۆشنبیرکردن، نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، لە سلێمانی لای کتێبخانەی ئەوقاف دادەنیشتین بەختیار دەچوو دوو ڕۆمانی( ذهب مع الريح ..مرگيرت ميشيل) دەچوو ئینگلیزیو تەرجومە فارسیەکەیو عەرەبیەکەی، وشە بەوشەو دێڕ بەدێڕ بەراورد دەکرد تا بزانێ کام لەو تەرجومانەی سەرکەوتووە، بەڕاستی یەعنی ئەم کارە جاری واهەبوو دوومانگی دەخایاند، من ئەوەم لە ڕۆشنبیرانو ئەدیبانی تر نەدیوە، چونکە ئەم کارە تەحەمولێکی زۆری دەوێت. دیارە بەختیاریش کەسێکی داهێنەرە، هەموو داهێنەرێکیش کە بە شێوازێکی تازەوە دێتە ئاراوە، حەسودو دۆستو دوژمنی بۆ درووست دەبێت، من هەر خۆم دژایەتیەکی زۆر زۆر کراوم کە ئەوکاتە قیاسی شیعری چاك ئەوەبوو بڵێی بژی چینی کرێکار.. کە دۆگمای مارکسیەت لە ئارادا بوو یان بیری نەتەوایەتی بڵێی بژی کرێکارو ناتوێمەوەو دڵدارەکەمو ئەوانە، بۆیە بەر لە سەفەرەکەشی من زۆر زۆر هانی بەختیارمداو گووتم بەختیار من زۆر عەزابم چەشت لە پێناوی ئەوەی کە بەو شێوازە شیعریەی کە لە غوربەتادا ئامادەیی هەیە، شیعرم نووسیوە، لە کاتێکدا شاعیرو نووسەر موەزەف نییە لای حزب تا بێتو بیروبۆچوونی خۆی بەسەرتدا فەرزبکات، شیعر ئەوپەڕی مومارەسەکردنی ئازادییە، بۆیە دوا ئێوارەی بەر لە سەفەرەکەی زۆرم هاندا کە سەفەرکاتو لەم وڵاتە نەمێنێتەوە، بۆخۆشتان ئەمڕۆ نێوەندی ئەدەبی کوردی دەبینن کە ئەو ڕەخنانەشی لەبەختیار دەگیرێ من نەك لەبەر خۆشەویستیم بۆی، پێموایە لە ئاستێکی زۆر زۆر نزمی ڕۆشنبیریدایە، دەکرێت لە پەراوێزی بیروبۆچوونو تواناو سەلیقەی بەختیار عەلیدا کەمتزن.

زنار: تۆ تاچەند قەلەقی لە بلأوکردنەوەو نووسینی شیعردا

محەمەد عومەر: من هەمیشە بڕوام بەوە هەبووە کە کەمنووسین باشتر لە زۆرو بۆر نووسین، باوەڕم بەو وتەیەی (ئەزرا پاوەند)هەبووە کە شاعیرێکی گەورەی ئەمەریکی بووە، دەڵێ ئەگەر بە درێژایی ژیانت کۆپلەیەکی ئیماجیزیمی واتە تەعبیرکردن بە وێنە بنووسی باشتر لەوەی کە دە دیوان شیعری سادە بنووسی، هەمیشە تۆ دەتوانی شاعیریتی خۆت بسەلمێنی ئەگەر بە کۆمەڵێك شیعری کەم بێت، بۆ نموونە ئێمە (واڵت ویتمان)مان هەیە لە ئەدەبی ئەمەریکیدا کە یەك دیوانی هەیە (پەلکە گیا) کە یانزە جار دەستکاری کردووەو چاپی کردۆتەوە، ئەحمەد هەردیمان هەیە لە شیعری کوردیدا کە هەمووی چواردە پانزە شیعری هەیەو شیعرەکانیشی بەردەوام بە نەمری دەمێننەوە، دیارە من ئیمانم بەوە هەبووە کە نیگاکانی خۆت چڕبکەیتەوە تا هەوڵبدەیت زۆر نەنووسیت بۆ ئەوەی تووشی زۆریو بۆری نەبیتو دوا بەدوای نووسینی شیعرێکی جوان نەچی شیعرێکی زەعیف بنووسی، بۆ ئەوەی لە نرخی بەرهەمەکانی پێشووشت کەم نەکەیتەوە. کە باسی قەلەقی دەکەی بەڵێ تۆ دەشێ دائیمەن تۆ قەلەق بی، دوای ئەوەی کە بەرهەمێکی چاكو ناوازە بلأودەکەیتەوەو دواتر کە دەتەوێ بەرهەمی تر بلأوبکەیتەوە بێگومان تۆ دەبێت لە بلأوکردنەوەیدا قەلەق بی، چونکە بەرهەمی تازەت کە لە ئاستی ئەوانەی پێشوتدا نەبێت زوڵمێك لەخۆتو خوێنەریش دەکەی.

زنار: تۆ وەک شاعیرێک تاچەند بەدەست دزینی دەقو هەڵبژاردنی شیعرەکانت لە لایەن گۆرانیبێژان بەبێ

پرس تاچەند گرفتیت بووە وەک چۆن زۆرێک لە شاعیرەکان باسی دەکەن.

محمد عومەر: بڕواتان بێ ئەمە گەورەترین گرفتی منە، من کەوەك شاعیرێکی پایزی ناسراوم و مامەڵەم لەسەر گەڵاو پایز، مامەڵەم لەگەڵ هەموو دەلالەتەکانی ئەو وەرزەدا کردووە، سەرەتا دەهاتن دەیانگوت ئەمە رەشبینیە، وەکو ئەو دۆگما مارکسی و بیری نەتەوایەتیەی، خۆمن لاریم لەو دووبیرە وەکو فەلسەفە نییە ئەویش وەکو قۆناغ، دیارە زمانی سیاسەتیش جیاوازە لە زمانی ئەدەب، سیاسەت موفرەداتی خۆی هەیەو ئەدەبیش یان شیعر مفرەداتی خۆی هەیە، دیارە سەرەتا دژایەتی منیان زۆر کردووە، دواجار کەمن گوێم لەدەنگی ناوەوەی خۆم گرت و گوێم لە رەخنەی ئەملاو ئەولا نەگرت، دیارە ئەگەر گوێم بگرتایە ئەوەی دەمنووسی شیعر نەبێ هەمووشتێکی تر دەردەچوو، دیارە کە گوێم لەناخی خۆم گرت وەکو شاعیرێك گرەوەکەی خۆم بردەوە، ئێوە خۆتان ئەمرۆ لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا دەیبینن، کە من کاتێ بەو شێوازە پایزیە هاتمە ناو ئەدەبی کوردیەوە، کەس بەو شێوازە مامەڵەی لەگەڵ پایزدا نەکردبوو، ئێستاش لە شیعری گەنجەکان و زۆربەی ئەوانەی شیعریان نووسیوە ئەگەر تێبینی بکەی دەبینی کە هیچیان خالی نیین لە دەلالاتی پایز بەو شێوازەی کە من نووسیومە، بگرە زۆر کەسیان شیعری بۆ نانووسرێ ئەگەر دوو دێری باسی پایز نەبی. دیارە من ئازارێکی زۆرم چێشتووە، کە دەقێکیان بۆ بلاوکردوومەتەوە، ئەوکاتەش زۆر بەکەمی جارجار ئەگەر چەند دەقێکمان بۆ لە رۆژنامەی هاوکاری بلاوبووبێتەوە یان گۆڤاری بەیان، مەقەستیان تێکردووەو دەستکاریان کردووە، بۆ نموونە، سەردەمانێك مەرگ و خوێن قەدەغەبوو تۆ لە شیعرێکدا باسی بکەی لەگەڵ هەندێ مفرەداتا، خۆتان دەزانن چ دامو دەزگایەك ئەوکاتە ئەم رۆژنامانەی دەبرد بەرێوە، کەسانێکی زۆر بەهرەمەند بوون لەم شیعرانەی من، خۆتان دەزانن ئەو گەنجانەی ئەمرۆ شیعر دەنووسن، نزیکەی پەنجا قەسیدەم پێشکەش کراوە، کە زۆربەیان بلاوکراونەتەوە لە گۆڤارو رۆژنامەکان و ئیعجابی خۆیان بەرامبەرم دەربڕیوە، زۆرکەس هاتووە دەقێکی خۆمیان بۆ خوێندومەتەوە، بەراستی من پێشی ناڵێم دزە، بەلام ئەوەندە لە پێشا خۆشەویستی بۆمن دەربڕیوە، زۆرجار دەقی خۆم بەردەست خەڵك کەوتووەو پێم گوتوون کاکە بەردەوام بە لەسەر نووسین بەبێ ئەوەی تەریقی بکەمەوە، من بە بەلگەوە پێت دەسەلێنم کە شیعریان دزیوەو رونکردنەوەم داوە لە رۆژنامەیەکداو ئەوان بلاویان کردۆتەوە ، یان زۆر هەیە لە نێوەندەکە، کە تێکهەڵکێشی شیعری من و ئەو شێوازەی کە من پێی دەنووسم هاتوون تێکەڵی دەقی خۆیان کردووە بگرە شاعیری زۆر گەورەشیان تێدایە، بەلام وەك شتێك ئەو کەسە هاورێمەو لە ئاستێکی بەرزدایە لەهەمان کاتدا من بێدەنگی لێدەکەم.

سەبارەت بە کردنی شیعرەکانم بە گۆرانی، جارێ من شاعیرێکی لیریکی نیم، چونکە شیعری گۆرانی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەلام بە حوکمی ئەوەی شیعرەکانی من قافیەو سەروا دارن و وەزنیان هەیەو ئیقاعیان تێدایە، زۆرن ئەو گۆرانی بێژانەی کە شیعری منیان کردووە بە گۆرانی، کۆپلەیەك لەوێ دێرێك لەوێ تێکەلاویان کردۆتەوە، لە ئاوازێکی نەشازاو ئەدایەکی سەقەتدا دایان ناوە، بەراستی ئەم شتانە زۆریان ئازار داوم. لەم ولاتە هیچ مافێك بۆ نووسەران نییە، کەسێك ئەو مافە نادات بەخۆی کە تۆ چەند مانگ بە دەقێکەوە هیلاك بووی، مۆڵەتی ئەوەت لێوەرگرێت و پرست پێبکات.. تۆ لەوە ناسکتری هەموو رۆژێ دەرگای مەحکەمە لەخەڵکی بگریت و داوای حەقی خۆت بکەیەوە، هەر ئەوەشە وای لەمن کردووە کە حەزەر بکەم لە بلاوکردنەوەی دەقێکی شیعری لە رۆژنامەیەکدا یان لە گۆڤارێکدا، نەك ئەوە من هەر لە وەرگێرانی شیعرەکانیشمدا بۆ زمانی عەرەبی چ جای ئەوەی وەرگێرەکە بە سەقەتی وەریگێراوە، چ جای ئەوەی بەرپرسی لاپەرەکە بابلێین لە جەریدەی عێراقدا دەلالاتی سیاسیم بۆ هەندێك شیعر لێکدراوەتەوەو کە بووە بە عەرەبی رەبتی کردۆتەوە مەسەلەن بە ئەنفالەکانەوەو ئەویش هاتووە مقەستی لەو جوملەیە کردووە. من نموونەی یەکێك لەو شیعرانەی کە کراوە بە عەرەبی بەناوی (رەهێڵە) کەدەڵێم:

"ئەمشەو چەند ماڵ وێران ئەبێ
ئەمشەو چەند کەس رەقبێتەوە
نازانم زریانی گومان.. دەرگا بەتۆش
ئەگرێتەوە".

ئیتر هەمووی لێکدانەوەی سیاسیان بۆکردووە، من هەمیشە ئازارم بەدەست ئەم کێشانەوە چێشتووە، چونکە تۆ بە ماندووبون و سوتانی روح و خوێنی خۆت دەقێکی جوان دەنووسیت و دەیخەیتە سەر کاغەز، بەلام کاتێك دەقەکەت دەکەوێتە بەردەستی کەسانێك کە نامەسئولانە بیەوێ بیکاتە گۆرانی یا لە کارێکی شانۆییدا بەکاری بهێنێت، ئەمەش بەراستی جێگای خەمە.

زنار: ئەم بەزمانەی کە مەریوان وریا قانع لەسەر تۆ باسی دەکات چی بوون.

محمد عومەر: ئەمانە رەنگە مەریوان زیاتر لەبیری مابن، ئەمانە رەنگە ئەو تورەبوونانەبن کە دەمگوت وەرن با شتێك بەشتێك بکەین، دیارە زۆرجار لە بەختیار عەلی تورەدەبووم و بەسەریاندا دەتەقیمەوە، ماوەیەك ئێمە ملوانکەی مێخەکمان دەفرۆشت لە بەغدا، ماوەیەك منیش پاکەتم دەفرۆشت لە بەغدا، مەبەستی ئەو قسە خۆشانەی منە کە بۆیانم دەکردو تورەدەبووم.

زنار: دەڵێن لەکاتی ڤیدیۆکلیپی گۆرانیەکەی عەدنان کەریم تووشی بەزمێک بووی ئەمە چۆن روویدا

محمد عومەر: ئەوەی راستی بێ ئەو ئاوە لە ناوەراستیەوە قوڵ بوو، کە عودەکەم شکاند وەکو بەلەم و سەگەکەشم برد لەگەڵ خۆما، ئەوان زۆر ترسابوون کە من بخنکێم، ئاگایان لێبوو کە خەریکبوو ئاو دەچوە ناو عودەکەمەوە، ئەوەبوو دووکیلۆمەتر ئاوبردمی و بۆ ئێوارەکەش جەژنی سەری ساڵ بووو وێنەشگیرابوو، خۆریش لە ئاوابووندا بوو، ئەو کارمەندانەی خاك و کوردسات زۆربەیان بەو سەرمایە بە مایۆوە هاتبوونە ناو ئاوەکەوە، گوتبوویان ئەم کورە هەر شتێکی لێ بێت دەڵێن موئامەرەی یەکێتی بووە.

زنار:تاکەی بەو تەنیاییەوە دەمێنیەوە ئایا کەی دەبینین ژن دەهێنی

محمد عومەر: لە سەفەرەکەی پێشومدا بۆ ئێران، بەراستی عاشقی کچێك بووبووم، کۆمەڵێك مامۆستای بەرزم ناسی لەوێ، لە بوارەکانی ئەدەب و هونەرو کولتوردا کە بۆ نموونە ئامادەبوون هونەرمەندێك خوشکی خۆیم بداتێ، مامۆستایەك کە کچەکەی لە ئەڵمانیا بوو دوو دکتۆرای هەبوو، تەنها مەرجیشیان ئەوە بوو جگەرە تەرك بکەم، لە سەقز ئامادەبوون کچی خۆیانم بدەنێ، لێرەش داوای دکتۆرەیەکم کرد لە زانکۆی سلێمانی، دیارە سەری نەگرت لەبەر بارودۆخی نەخۆشی دایکی کە دەیگوت من ملتەزیمم بەوانەوە ناکرێت من ماڵ بەرێوەبەرم و دلێکیشم لای دایك و باوکم بێت یان دەستیان لێ بەردەم، ئیتر نازانم تا ئێستاش بە دەردی عەرەب دەڵێ "قسمە والنصیب".

زنار: ئەی ئێستا عاشق نیت

محمد عومەر : بەڵێ.. بە دڵنیاییەوە

زنار:مژدەمان هەبێت بۆ خوێنەران، دوای دیوانی لەغوربەتا بەرهەمی تازەی محەمەد عومەر عوسمان بە رێوەیە

محەمەد عومەر: بەڵێ...پێموایە (١٠) قەسیدەك دەبێت، بەلام نازانم کەی.